ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# The school dictionary based on the principles of the Kurdish-language school dictionary

**Dr. Shahab Taybe Tahir***
**Rabarin University**
**shahab@uor.edu.krd**

**&**

**Dr. Aso Abdurrahman Kareem**
**Salahaldeen University**
**aso.baban@su.edu.krd**

**Received:** 12 /1 /2023 , **Accepted:** 14 /2 /2023, **Online Published: 1 /4 / 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

The school dictionary based on the principles of the Kurdish-language school dictionary that can be introduced as a scientific effort on one of the dictionaries set up for school students under the name of the school dictionary, which was prepared in 2016. It has been attempted to investigate according to the principles of school multiplicity in this dictionary and determine the pros and cons aspects of the dictionary. Therefore, it was thought that the research included two main parts as follows:

Part one dedicated to the theoretical aspect of the research, which briefly describes the definition of dictionary and aspects of the school dictionary. Whereas, part two is dedicated

* **Corresponding Author**: Rizgar Ahmed Haji**, Email:** rizgarlinguist@yahoo.com
**Affiliation**: Sulaimani University - Iraq

to the research methodology, which has been attempted to work on the school dictionary according to the information available in the first section. Finally, the results of the study are determined a part from the reference lists and it can be stated that the overall idea of study is written in both Arabic and English languages.

**Key words:** Lexicography, Lexicology, Lexicology, Meta-lexicography, Kurdish-language, school dictionary

# (معجم (قوتابخانه) على ضوء مقومات المعجم المدرسي في اللغة الكوردية)

ا.د. شهاب طيب طاهر

**جامعة رابرين**

**و**

د.اسو عبدالرحمن كريم

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

هذا البحث اختص في دراسة احدى المعاجم المدرسية الا وهي معجم (قوتابخانه/ عربي – كوردي) الذي اعد في سنة 2016 تحت هذا الاسم، والذي تختص بالجانب المدرسي لطلاب المرحلة الابتدائية. قسم البحث الى فصلين:

الفصل الاول خصص للجانب النظري وتناولنا فيها التطرق الى الامور التالية: (تعريف المعجمية، تعريف المعجم المدرسي وخصائصها، الشروط المطلوبة لاعداد معجم مدرسي...الخ)، كذلك موقع معجم (المدرسة) في المعجم المدرسي والتعريف بالمعجم المذكور.

الفصل الثاني: تركز على الجانب العملي، حيث تم دراسة المعجم المذكور على ضوء مقومات المعجم المدرسي وركزنا على ضوءها على الجوانب السلبية والايجابية لذلك المعجم.

وفي نهاية البحث تم التوصل الى عدة نقاط من النتائج العلمية التي تفيد العملية المعجمية المدرسية، وتم ختم البحث بقائمة من المصادر التي تم الاستفادة منها وملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية.

**الكلمات الدالة:** الصناعة المعجمية ، علم المعجم(الجانب النظري) ،المعجمية ، اللغة الكردية ، المعجم المدرسي .

# فەرهەنگی (قوتابخانە) لەژێر تیشکی بنەماکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی کوردیدا

پ.د شهاب طیب طاهر / زانکۆی ڕاپەڕین – کۆلێژی پەروەردە

و

د.اسو عبدالرحمن کریم / زانکۆی سەڵاحەددین – کۆلێژی پەروەردە

**پێشەکی:**

0- 1: ناونیشانی توێژینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی: فەرهەنگی **(قوتابخانە)** لەژێر تیشکی بنەماکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی کوردیدایە. هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر یەکێك لە فەرهەنگە قوتابخانەییە کوردییەکان، بە ناوی فەرهەنگی **(قوتابخانە)**.

0-2: کێشە و گیروگرفتی توێژینەوەکە:

- کەمی ئەو سەرچاوانەیە، کە بە تیۆری لایەنەکانی فەرهەنگی قوتابخانەییان لە زمانی کوردیدا ڕوونکردبێتەوە. هەروەها نەبوونی فەرهەنگێك، کە بە شێوەیەکی تۆکمە لەسەر بنەما و ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی دانرابێت.

0-3: سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبواری فەرهەنگسازییە، کە بۆ جۆرێك لە کاری فەرهەنگی تەرخانکراوە، کە فەرهەنگی قوتابخانەییە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا فەرهەنگی **(قوتابخانە)** وەك کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە کاری کارەکی لەسەر ئەنجامدراوە.

0-4: گرنگیی توێژینەوەکە:

-گرنگیی دان بە ڕوونکردنەوەی بنەما و ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی کوردیدا.

-دەرخستنی خاڵی بە هێز و لاوازی یەکێك لەو فەرهەنگانەی کە تایبەتکراوە بۆ قوتابخانە لە ڕووی کارەکییەوە بە پێی ئەو بنەمایانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا هەبێت.

0- 5: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی پەسنی شیکاریی بەستراوە، کە وا دەبینرێت گونجاوترین ڕێبازبێت بۆ لێکۆڵینەوەکە، بەوەی کە ئەو بابەتەی کە لێی کۆڵراوەتەوە فەرهەنگی قوتابخانەییە، لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیی و بنەما و ڕێبازانەدا گونجاوبێت کە تایبەتە پێی و، ڕێگاکانی بەکارهێنانیان، کە بایەخ بە وەسف و باسکردن و شیکاریکردنی ئەو بابەتانەی باسیاندەکات، دەدات.

0-6: هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

- نوێترین فەرهەنگە، کە وەك فەرهەنگێکی قوتابخانەیی ئامادەکراوە بۆ قوتابیانی قوتابخانەکان و لە ساڵی (2016) ئامادەکراوە و بڵاوبۆتەوە.

- لەبەرئەوەی فەرهەنگێکی (عەرەبی – عەرەبی - کوردی)یە، واتە دووزمانییە و سوودی نەك هەر بۆ قوتابییان، بەڵکو بۆ خوێنەران بە گشتی هەیە.

- کەمی یان نەبوونی لێکۆڵینەوە یان توێژینەوەیەکی تیۆری و کارەکی کە لەبارەی یەکێ لەو فەرهەنگانەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کرابێت.

0-7: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:

- بەشی یەکەم:
باس لە لایەنەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی دەکات، لە ڕووی (بنەما و ڕەگەز و زانیارییە گرنگەکانی ناو فەرهەنگی قوتابخانەیی...هتد).
- بەشی دووەم:
بۆ پراکتیزەکردنی بنەماو ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لەسەر فەرهەنگی (قوتابخانە) تەرخانکراوە، لەم ڕووانەوە:
- **تەوەرەی یەکەم**: بۆ پراکتیزەکردنی بنەماو ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لەسەر فەرهەنگی (قوتابخانە) تایبەتکراوە
- **تەوەرەی دووەم**: بۆ ڕێگاکانی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و نموونە و بەڵگە بەکارهاتووەکانی ناو فەرهەنگی (قوتابخانە) تایبەتکراوە.
- **تەوەرەی سێیەم**: بۆ ڕەگەزەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی تەرخانکراوە.
لە کۆتاییشدا لیستی ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لێبینیوە دیاریکراوە و هەروەها کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش نووسراوە.

1- پێگەی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە فەرهەنگسازیدا.
فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگە پسپۆرییەکان بە تایبەتی، دەبنە گەنجینەیەك و قسەپێکەری زمانەکە لە کاتی پێویستدا سوودی لێدەبینن و بەکاریدێنن. فەرهەنگی قوتابخانەیی بە یەکێك لەو سەرچاوە فێرکارییە ڕۆشنبیرییە گرنگانە دادەنرێت، کە بەشداری لە گەشەی ئاوەزیی منداڵ و پەرەسەندنی پاشخانی زمان و فێرکردنیدا، دەکات. پێش ئەوەی باسی فەرهەنگی قوتابخانەیی بکەین و لەبەرئەوەی پەیوەندی بە بواری فەرهەنگسازییەوە هەیە، وا باشترە بە کورت و پوختی، باس لە هەندێ لایەنەکانی فەرهەنگسازی و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی بکەین:
1-1: چەمك و پێناسەی فەرهەنگسازی و پەیوەندی بە زانستەکانی تری زمانەوە:
فەرهەنگسازی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە وشە و واتاکانیان لە زمانێك یان زیاتر، واتە فەرهەنگسازی وەك زانست بایەخ بە کاری فەرهەنگ دەدات و لە هەردوو لایەنی تیۆری و کارەکییەوە لێیدەکۆڵێتەوە. هەروەها لقێکە لە زمانەوانی کارەکی و ڕۆڵێکی کارای لە بواری زمانەوانیدا هەیە.
فەرهەنگسازی دەکرێت لە دوو لایەنەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، لایەنی تیۆری کە تایبەتە بە فەرهەنگناسی و لایەنی کارەکی تایبەتە بە فەرهەنگنووسی، کە هەردووکیان فەرهەنگسازی پێکدێنن، واتە فەرهەنگسازی لە زانستێ پێکدێت، کە ئەویش (لێکسیکۆلۆژی/فەرهەنگناسی) و (لێکسیکۆگرافیی- فەرهەنگنووسی)یە.
کاری فەرهەنگسازی، کارکردنە لە پرۆسەی فەرهەنگدانان لەهەردوو ڕووی تیۆری و کارەکییەوە، کە هەر یەکەیان چەندین بنەما و ڕەگەز لەخۆدەگرن. کەواتە دەکرێت بڵێین، ((فەرهەنگسازی زانستێکی مەعریفی فرەبنەمای سەربەخۆیە، هەموو بەشە جیاجیاکانی بەیەکەوە ناچنە ژێر چەتری هیچ زانستێک بێجگە لە چەتری خۆی)) **(علی حەمەد عوسمان،2021: 19)**. بۆ دەرخستنی زانیارییەکانیش پەیوەندی بە زانستە مرۆیی و زمانەوانییەکانەوە هەیە و پەیوەندییەکی بە تین و فراوانی لەگەڵ زانستە زمانەوانییەکاندا هەیە و لە ڕێی ئەو زانستە زمانەوانییانەوە دەتوانێت دەروازە فەرهەنگییەکان دەوڵەمەندبکات، لە ڕووی زانیاری دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و ...هتد، ەوە.
فەرهەنگسازی(Meta-lexicography) زانستێکە سەربەخۆیە، ئەم زانستەش لە دوو بەش پێکدێت، ئەوانیش فەرهەنگناسی (Lexicology) لایەنی تیۆری فەرهەنگسازی دەگرێتەوە و (فەرهەنگنووسی (Lexicography) لایەنی کارەکی فەرهەنگسازی دەگرێتەوە. (فەرهەنگناسی

گرنگی بە لایەنی ناوەوەی فەرهەنگ دەدات لە ڕووی ئەو زانیارییانەی کە هەر دانەیەکی فەرهەنگی لەخۆی دەگرێت، فەرهەنگنوسیش بایەخ بە لایەنی دەرەوەی فەرهەنگ دەدات، لەڕووی هونەرییەوە: جۆر، قەبارە، چاپ....) **(میدیا مراد، 2021: 13-14).**

فەرهەنگسازی، هەرچەندە پەیوەندی بە هەموو زانستە زمانەوانییە جیاوازەکان و زانستە مرۆییەکانی دیکەوە هەیە، بەڵام وەک زانستێک جیادەکرێتەوە کە پەیوەندی بە لایەنێکی تایبەتی زمانەوە هەیە و کار لەسەر لایەنێکی تایبەتی زمان دەکات، کە دەکرێت لەم پێنج خاڵدا بواری کارکردنەکەی بخرێتەڕوو:

1- پەیوەستکردنی دانانی فەرهەنگ، بە تیۆر و لێکۆڵینەوە و بۆچوونە زارەکییە ڕەخنەگرانە دیاریکراوەکان.

٢- گرنگیدان بە مانای وشە یان سەرواژەی فەرهەنگی (lexical entry) و دەربڕینە جیاوازەکانی و ڕۆڵی لە دانانی فەرهەنگدا.

٣- قووڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوەی دەقی فەرهەنگی و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، چ لە فەرهەنگی گشتیدا بێت یان لە تایبەتدا.

٤- گرنگیدان بە پێناسە جیاوازەکانی سەرەوشەی فەرهەنگی، دەنگی و وشەسازی و ڕستەسازی و بەڵگەیی و خەیاڵی و ڕەوانبێژی و شێوازی و وێنەیی و نموونە و مێژوویی، ئەوانەیشی کە پێویستی دەکات لە پێویستییە زمانەوانەوانییەکان، لە سنووری فەرهەنگی گشتی، یان فەرهەنگی تایبەت ئەوانەی کە بەتایبەت گرنگی بە پێناسەی سەرەوشە دەدەن، بۆ نموونە بەگوێرەی سروشت و ئیشەکەی.

٥- بەدواداچوون بۆ پێگەی گوتاری فەرهەنگی لە جۆرەکانی تری گوتار و لەو کاریگەری و پەیوەندییانەیشی لەسەر یەکتری هەیانە. لەوانەیش پێگەی گوتاری پێناسەکردن بە نموونەهێنانەوە، لەڕووی مەعریفی و زانستی و ئەدەبی و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و ژیارییەوە). **(عبدالقادر ابو شیبە،2014: 10).**

فەرهەنگسازی جگە لەوەی پەیوەندی بە زانستە مرۆییەکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستوخۆ و کاریگەری بە زانستە زمانییەکانەوە هەیە، وەك: (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیك و زاراوەسازی و ...هتد). لە ڕووی پەیوەندی فەرهەنگسازی بە دەنگسازییەوە، گرنگە بایەخ بە چۆنیەتی دەربڕینی وشە لەڕووی هێز، ئاوازە، وەستان، هێمای دەنگی و زانیاری بڕگەیی بدرێت، کە گرنگترین زانیاری دەنگسازین، کە پێویستە لە فەرهەنگەکاندا هەبێت، ((فەرهەنگی کوردی بە پێشاندانی شێوەکانی گۆکردن نەک هەر خزمەتی نەوەکانی ئەمڕۆ دەکات، بەڵکو دەبێتە بەڵگەی گرنگ بۆ دواڕۆژ، چونکە دەتوانێت گۆڕانەکانی دواتر تۆماربکات)) **(محەمەد مەعروف فەتاح،2010: 371).** خاڵی پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی نێوان فۆنۆلۆجی و فەرهەنگسازی فۆنیمە، چونکە ((یەکەی بنەڕەتی لە فۆنۆلۆجی فۆنیمە، یەکەی فەرهەنگیش لە بنیادی ڕووخساریدا لە فۆنیم پێکهاتووە)) **(شەهاب شێخ تەیب،2021: 31).** کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندی لەنێوان دەنگسازی و فەرهەنگسازیدا هەیە، بەهۆی ئەو کەرەستە دەنگسازییانەی کە لەفەرهەنگدا دەردەکەون و دەروازەکانی فەرهەنگییان پێ دەوڵەمەند دەکرێت.

فەرهەنگسازی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ وشەسازیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەردووکیان خاڵی هاوبەشیان لەو بوارەدا زۆرە، کە ئەویش ئەوەیە هەردووکیان بایەخ بە وشە دەدەن، بەڵام هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندیی خۆی. وشەسازی گرنگی بە وشەکانی زمان دەدات و لە چۆنیەتی پێکهاتنی وشە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی ڕێزمانەوە، بەلام فەرهەنگسازی گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی دروستبوونی وشە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر واتا و گەشەکردن و لەکارکەوتنی وشەدا دێت، دەدات. بۆ نموونە (ئەگەر لەڕووی وشەسازی و فەرهەنگسازییەوە لە وشەی (پاک) بکۆڵینەوە

دەبینین، لە وشەسازیدا گرنگی بەوە دەدرێت کە ئەم وشەیە، (ئاوەڵناوێکی سادەیە) و لە پلەی بەراوردا دەبێت بە (پاکتر) و لەپلەی باڵادا دەبێت بە (پاکترین)، بەڵام لە فەرهەنگسازیدا گرنگی بەوە دەدرێت، کە ئەم وشەیە لەگەڵ (پاکژ) و (خاوێن) هاوواتایە و لە هەندێ ناوچەش دەبێت بە هاوبێژ بۆ وشکانی (تێکڕا) و (هەموو) **(ئەورەحمانی حاجی مارف،1975: 2).**

پەیوەندی فەرهەنگسازی بە ڕستەسازییەوە هەر لەو ڕوانگەوەیە، کە هەردووکیان بایەخ بە وشە دەدەن و لە ڕوانگەی جیاوازەوە، ((ڕستەسازی لە دیاریکردن و دەرخستنی ئەرکی وشە لەناو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە. فەرهەنگسازیش بایەخ بە وشە دەدات لەناو فەرهەنگدا و لە لایەنە ڕێزمانییەکانی دەکۆڵێتەوە)) **(شەهاب شێخ تەیب،2021: 34-35).** ڕاستە وشە ئەرکی ڕاستەقینەی لەناو ڕستەدا دەردەکەوێت، بەڵام لە کاری دانانی فەرهەنگدا، مەرج نییە هەموو وشەکان ڕستەیان بۆ بهێنینەوە، لەبەرئەوەی وشە ئاسان و ناسراوەکان پێویستی بە ڕستەی ڕوونکەرەوە نییە، بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی، بۆیە ((پێویستە بەشێکی زۆری وشەکان بخرێنە ناو ڕستەیەکی کورت و ئاسانەوە، تاکو مانای وشەکان باشتر ئاشکرابن و خوێنەر لە ڕێگایەوە بزانێ چۆن ئەو وشانە لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن)) **(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،1987: 164).**

یەکێ لەو ئاستانەی زمان کە پەیوەندییەکی زۆری بە فەرهەنگسازییەوە هەبێت، واتاسازییە. فەرهەنگسازی و واتاسازی بایەخ بە وشە دەدەن، لە ڕووی واتاسازییەوە دەکرێت لە وشە بکۆڵدرێتەوە لە ڕووی ئەو واتایەی دەیگەیەنێت، لە ڕووی هاوواتایی و دژواتایی و هاوبێژیی و فرەواتاییەوە، بۆیە بەپشت بەستن بە واتاسازی دەتوانرێت سودی زیاتر بە پرۆسەی فەرهەنگسازی بگات، بۆ نموونە: (بەکارهێنانی بنەمای ڕۆڵی واتایی و کۆتی واتایی شۆڕشێک لە فەرهەنگسازیدا بەرپا دەکات، کە خزمەتێکی زۆر نەک هەر بەبەکارهێنەری فەرهەنگ، بەڵکو بەفێرخوازی زمانی فەرهەنگەکە دەگەیەنیت، وەک ژمارەی ئەو ڕۆڵە واتاییانەی کە گرێیەکی ناوی بەپێی لێکۆڵینەوە جیاوازەکان دەیبینێت، یان دیاریکردنی کۆتەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی ئەو مەرجانەی کە کار بەسەر بکەر یان باسیدا دەسەپێنێت)**(محەمەد مەعروف فەتاح،2010: 378-377).** کاری فەرهەنگ لێکۆڵینەوەیە لە واتای وشە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەریدێت و واتاسازیش بە هەمان شێوە لە واتا جیاوازەکانی وشە دەکۆڵێتەوە، کەواتە واتاسازی نزیکترین زانستە لە فەرهەنگسازییەوە و دەکرێت فەرهەنگیش بە بەشێك لە پێکهاتەی سیمانتیکی دابنرێت. پراگماتیک دەستنیشانکردن یان دیاریکردنی واتای مەبەستە لەناو ئەو واتا جیاوازانەی کە قسەکەر مەبەستیەتی. هەرچەندە کارکردن لە بواری پراگماتیکدا وەک ئاستێکی زمان زانستێکی نوێیە، بەڵام (بە لەبەرچاوگرتن بە بوونی جۆرە جیاوازەکانی زمانەوانی و بۆئەوەی قسەکەران بەشێوەیەکی گونجاو زمان لە دۆخی جیاوازدا بەکاربهێنن، پێویستە فەرهەنگنووسان زانیاری پراگماتیکی پێویست لەبارەی هەر یەکەیەکی فەرهەنگییەوە دیاریبکەن. بۆئەوەی ئەو کارە بکەن پێویستە سیستەمێک دابڕێژن بۆ ناولێنانی ئەم تایبەتمەندییانە)**(ازیتا عباسی،1392: 30).** کەواتە پێویستە زانیارییە پراگماتیکییەکان لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن، چونکە بە تۆمارکردنی زانیارییەکانی پراگماتیکی قسەکەر زانیاری تەواوی لەبارەی واتا جیاوازەکانی وشە و دەستەواژەکان بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکان دەستدەکەوێت.

فەرهەنگ لەبەرئەوەی وشە و زاراوە لەخۆدەگرێت، هەروەها زاراوەسازیش بایەخ بە دانانی زاراوە دەدات، بۆیە پەیوەندییەکی باش لەنێوان ئەو دوو زانستەدا هەیە. دەکرێت بوترێت، پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی دوولایەنییە، واتە دەکرێت ئەو یەکە زمانیانەی هەردوو زانستەکە بەهاوبەشی و پەیوەندی نێوانیان لێی بکۆڵنەوە و زانیاری لەبارەیانەوە بدرێت. هەروەها لەبەرئەوەی (داهێنانی زاراوەیی) کە بەشێکە لە چالاکی زانستی، پەیوەندی تەنها بە فەرهەنگسازییەوە هەیە.**(شەهاب شێخ تەیب:2021: 40).**

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، پوختەیەك بوو لە بارەی فەرهەنگسازییەوە، لەبەرئەوەی کارەکە زیاتر بۆ فەرهەنگی قوتابخانەیی تەرخانکراوە، هەوڵدەدرێت بە هەمان شێوە پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگی قوتابخانیی و بنەماکانی دیاریبکرێت.

1-2: زاراوە و چەمکی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

زاراوەی (فەرهەنگی قوتابخانەیی) لە ڕووی پێکهاتنەوە لە ناوەکەیدا دیارە، کە لە وشەی (**فەرهەنگ**) و (**قوتابخانە**) پێکهاتووە. (**فەرهەنگ**) واتە فەرهەنگێك تایبەت دەکرێت بۆ توێژی قوتابیان، لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، باشتریش وایە بۆ هەر قۆناغێك فەرهەنگێکی تایبەتی دابنرێت، نەك فەرهەنگێك بۆ هەموو قوتابیان گشتگیر بکرێت. وشەی (**قوتابخانە**) دیارخەری وشەی (**فەرهەنگ**)ە، کە هەردووکیان پێکەوە دەبنە (**فەرهەنگی قوتابخانەیی**) واتە دیارخراو و دیارخەر. ئەمەش بۆ پەیوەندی (**فەرهەنگی قوتابخانەیی**) بە قوتابخانە و بەو بابەتانەی کە لە قوتابخانەدا لە ئاستێکی دیاریکراودا دەخوێنرێت، دەگەڕێتەوە، کە دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو زانیاری و پێکهاتانە بێت، کە لە دووتوێی بابەتەکاندا هەیە و قوتابی سوودیان لێببینێت و بە دوایدا بگەڕێن، بۆ دەوڵەمەندکردنی زەخیرە زمانییەکانیان.

دەکرێت چەمکی فەرهەنگی قوتابخانەیی بە جیاوازیکردنی لەگەڵ فەرهەنگی گشتی پێناسەبکرێت. فەرهەنگی گشتی مەبەست لەو کتێبەیە، فێرکار بەکاریدەهێنێت، بۆ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی واتای زمانیی وشەکان، کە دەروازەکانی بەڕێکوپێکی ڕیزکراون و بە زانیاری جۆراوجۆر دەوڵەمەندکراون، واتە فەرهەنگی گشتی ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی گریمانەیی بەکارهاتووە. کەچی فەرهەنگی قوتابخانەیی ژمارەیەکی دەروازەی زمانیی و یەکەی فەرهەنگی بەکارهاتووە لە کتێبی قوتابخانەکاندا و، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندندا.(**عصام الدين ابوزلال:2016: 107**).

کەواتە ئەو چەمکە لە ڕووی واتاوە زۆر لێڵ نییە و ئەوە دەگەیەنێت کە (**فەرهەنگی قوتابخانەیی**) مەبەست لێی دانانی فەرهەنگێکە کە تایبەت کرابێت بۆ قوتابخانە جا چ بۆ (دایەنگە، باخچەی ساوایان، سەرەتایی، بنەڕەتی، ناوەندی، دواناوەندی....هتد)بێت، لەپێناو ڕوونکردنەوەی ئەو وشە لێڵانەی کە لەناو پەرتووکی خوێندنگەدا هەیە، تا ڕوونبکرێتەوە و هەندێ زانیاری زمانەوانی لە بارەیانەوە بدرێت و دەروازەکانی دەوڵەمەندبکرێت، تا قوتابیان بە ئاسانی بتوانن لێیتێبگەن.

1-3: پێناسەی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

فەرهەنگی قوتابخانەیی یەکێکە لەو سەرچاوە فێرکارییانەی، کە گرنگە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەبێت و بخوێنرێت، کە ئەم جۆرە فەرهەنگەش پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە بابەتەکانی قوتابخانە و ئەو بەرنامە و پەیڕەوانەوە هەیە، کە لە قۆناغێکی خوێندنی دیاریکراودا لەلایەن قوتابیانەوە دەخوێنرێت. فەرهەنگێکی تایبەت، یان پسپۆڕییە ئاراستەی قوتابیان دەکرێت، هەر یەکە و بەپێی ئاستی خوێندنیان و ئەو ئاوەزییەی هەیەتی. کەواتە فەرهەنگی قوتابخانەیی دەبێت و بەڵکو مەرجیشە، کە دەبێت ئەوپەڕی پەیوەندی بە پرۆسە و بەرنامەی فێرکارییەوە هەبێت و هەموو ئەو پێویستییانەی ئەو قۆناغە فێرکاری و پەروەردەییە پڕبکاتەوە، کە قوتابی پێویستی پێدەبێت.(**بڕوانە: عبدالغنى ابو العزم:1997: 36**).

فەرهەنگی قوتابخانەیی لە ڕووی قەبارەوە و پێکهاتەوە جۆراوجۆرە، هەروەها لە ڕووی ناساندن و پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی لایەنەکانیشی، ڕوونکردنەوەی جیاوازی بۆ کراوە و هەریەکە و بەپێی ئەزموون و پسپۆڕێتی خۆی پێناسەی بۆ کردووە.

فەرهەنگی قوتابخانەیی کتێبێکە، فێرکار بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی وشەکان و دیاریکردنی واتا زمانەوانییەکان پشتی پێدەبەستێت، هەروەها ئامرازێکە، کە خاوەن دەروازەیەکی گشتییە و بەپێی ڕیزبەندی ئەلفوبێیی ڕێکخراوە و ڕیزکراوە و زانیاری لە بارەیانەوە پێشکەشدەکات.(**جورج عيسى:1423هـ : 183**). هەروەها فەرهەنگی قوتابخانەیی، دەکرێت بریتی بێت لە: ((کتێبێك، کە

وشــــەکانی زمانێك لە زمانەکان و واتا و بەکارهێنانە جیاوازەکانیان و چۆنێتی گۆکردنیان و نووســــینیان و ڕێزکردنیان لەخۆدەگرێت)).(**احمد مختار عمر:2003: 162**). کەواتە دەکرێت بڵێین فەرهەنگ بە گشــتی و فەرهەنگی قوتابخانەیی بە تایبەتی کتێبێکە، یان ســەرچاوەیەکە، ژمارەیەکی زۆری وشــــەی ئەو بوارە لەخۆدەگرێت و ئامانجیشــــی لابردنی لێڵی و ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی وشەکانە.

فەرهەنگی قوتابخانەیی فەرهەنگێکی تایبەتە، یان فەرهەنگێکی پســــپۆرییە ئاراســــتەی قوتابیان دەکرێت، بەپێی ئەو قۆناغەی تێیدا دەخوێنن، ئەرکی بنەڕەتیشی یارمەتیدانی قوتابییە، لە تێگەیشتنی وشــــە و زاراوە قورســــەکان و ڕاڤەکردنیان و ئاســــانکردنیان و پێدانی زانیاری پێویســــت لە بارەیانەوە.(**جموعی تارش:2013: 29**). کەواتە فەرهەنگی تایبەت بۆ قوتابیان دادەنرێت، تا لە قۆناغەکانی خوێندنیاندا ســـــوودی لێ ببینن و (...لە هەر فەرهەنگێك بەپێی قۆناغی تەمەنیان ژمارەیەك وشە هەڵدەبژێردرێت و لەناو فەرهەنگدا دادەنرێت، بە مەرجێك لەگەڵ تەمەنی قوتابی و پێویستییەکانی ئەو قۆناغەی لێی دەخوێنێت و ئاستی درکپێکردن و زانستیی و توانستی وەرگرتن و فێربوون و دەربڕین و توانستی لەســەر گەڕان و پشــکنیندا، گونجاوبێت.(**احمد محمد المعتوق:1996: 195**).

فەرهەنگی قوتابخانەیی پێناســــەی زۆری بۆکراوە، بۆیە لێرەدا ئەو چەند پێناســــەی تێگە و چەمکی ئەو جۆرە فەرهەنگەی ڕوونکردۆتەوە و پێویســـت ناکات ســـەرجەم پێناســـەکان دیاریبکرێت[i]. بۆیە دەکرێت بڵێین فەرهەنگی قوتابخانەیی کتێبێکە، یان ســـە رچاوەیەکە، ئەو وشـــانە لەخۆدەگرێت، کە خزمەتی پرۆســــەی خوێندنی قوتابیان دەکات و جەخت لەو جیهانە دەکات، کە بە ژینگەی قوتابی ناسراوە و دەبێتە هۆیەك بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنیان و گەشەکردنی ئاوەزیان.

1-4: تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

فەرهەنگی قوتابخانەیی بەپێی جۆر و ئەو ئەرکانەی هەیەتی، خاوەنی چەندین خەســــڵەت و تایبەتمەندی جیاوازن، لەوانەش:

1- دەبێت بەپێی ڕیزبەندی ئەلفوبێیی سەرەوشەکانی ڕیزکرابن.

2- بە سووکترین ڕێگە وشەکانی ناوی بدۆزرێتەوە.

3- زاراوەی جۆراوجۆری تێدابێت، وەك زاراوەی ئەدەبی و ژیاری و زانستی و...هتد.

4- بەڵگە و نموونەی ئەدەبی زۆری تێدابێت، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرە وشەکان.

5- پێناسە و شیکردنەوەی سادە و ڕوون بۆ سەرەوشەکان پێشکەشبکات.

6- یارمەتی قوتابی بدات، لە ناســــینەوەی واتای وشـــە زمانییەکان و ناوەرۆکە ڕاســــتەقینەیی و خوازەییەکانی.

7- وێنەی ڕوونکەرەوەیی زۆری لە بارەی ڕووەك و ئاژەڵ و ...هتد، تێدابێت.

8- لەو جۆرە فەرهەنگە بێت قوتابی بتوانیت لەگەڵ خۆیدا بۆ ناو هۆڵی وانەوتنەوەدا بیهێنێت.

9- دیـاریکردنی دەروازەکـانی کردار و چـاوگ و نـاوی ئـامێر و زاراوە ژیـاری و هونـەری و زانستییەکان.(**جورج عیسی:1423هـ : 192-193**).

1-5: گیروگرفتەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی بە یەکێك لەو کارانە دادەنریت، کە زۆر قورســــە و دەبێت زۆر بە وریاییەوە دابنرێت، لەبەرئەوەی دەبێت ڕەچاوی بارودۆخ و قۆناغ و ئاســــتی خوێندن و باری ئاوەزی و ....هتد، قوتابیان بکرێت، جا بۆیە یەکێ لەو گیروگرفتانەی دێتە پێش دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی، ئەو زاراوە و وشــــە جۆراوجۆرانەیە کە لە زمانی کوردیدا هەیە، بەهۆی زار و شێوەزار و شێوەئاخاوتنەکانی زمانی کوردی، کە هەندێکیان بە شێوەی جیاواز گۆکردن و گەیاندنی واتای جیاواز لە هەندێ لە ناو شـــێوەزارە کوردییەکاندا. هەروەها (بوونی ئەو وشــــە و زاراوە

زانستییانەی هاتوونەتە ناو هەر زمانێکەوە ، وا دەکات لە کاتی دانانی فەرهەنگێکی زمانی کێشە دروستبکات و ببێتە ڕێگر لە دانانی فەرهەنگێکی تۆکمە بە زمانێکی پاراو، بە تایبەتی دانانی فەرهەنگێك بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی).**(صليحة خلوفي:2011: 191)**.

دانانی فەرهەنگ بۆ منداڵ، یان خوێندکارانی سەرەتایی و ناوەندی و...هتد. زۆر قورسترە لە دانانی فەرهەنگێك کە گشتی بێت، یان بۆ ئاستێکی گەورەتر دانرابێت، لەبەرئەوەی دەبێت ڕەچاوی تەمەن و ئاست و ژمارەی دەروازە و بابەتی تێدابکرێت، هەروەها ڕەچاوی گەشەسەندن و پەرەسەندنی قۆناغی دەروونی و زمان و بوارەکانی تری ئەو توێژەی تێدابێت[ii].

زۆربەی زمانەکانی جیهان، هەوڵ دەدەن ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دانانی ئەو جۆرە فەرهەنگە دەبێتەوە، نەهێڵن و ئەو بەربەست و کێشانە چارەسەر بکەن، کە دەبنە هۆی دانانی فەرهەنگێکی تۆکمەی زانستی قوتابخانەیی. لە زمانێکی وەك کوردی ئەو جۆرە فەرهەنگانە بە گشتی دادەنرێت، واتە بۆ هەموو خوێندکاران تەرخاندەکرێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بایەخێکی زمانەوانی هاوچەرخیان بەو بوارە نەداوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری فەرهەنگی (تریفە) بکەین، کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و نەتەوەکانی تری وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراقەوە دەرچووە، بۆ خوێندکارانی(قۆناغەکانی ئامادەیی و قۆناغەکانی دواتر) تەرخانیان کردووە، جەختیان لەسەر دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرە کردووە (بە تایبەتی فەرهەنگێکی سێ زمانی، - واتە (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، کە بۆ قوتابخانەکان زۆر پێویستە، و (زیاتر لە شەش هەزار وشەی کوردی و ڕەسەنی لەخۆگرتووە لەپاڵ واتاکانیاندا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی)یش ئاماژەی پێکراوە.**(بڕوانە: حسين يارە احمد الجاف و ئەوانی تر: 2008: 3، 4)**. یاخود هەندێ لە فەرهەنگەکانی تر کە لەبەرگەکانیان نووسراوە، کە فەرهەنگێکی قوتابخانەییە و بۆ قوتابیان سوودیان هەیە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکەن، کە ئایە بۆ کام ئاست و کام قۆناغ سوودی دەبێت. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت هەندێ لەو هۆکارانەبێت، کە دەبنە بەربەست لەبەردەم دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

1- وەرگرتنی وشە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە فەرهەنگەکانی تردا،(کۆن و نوێ)کان.

2- سەربەخۆنەبوونی فەرهەنگی قوتابخانەیی و جیانەکردنەوەی لە فەرهەنگە کەلتووریەکانی تردا.**(جورج عيسى:2005: 176)**.

3- کەرەسە و بابەت و پێداویستییەکانی خوێندکاران بەتەواوی ناهێنێتە دی.

4- نەبەستراوەتەوە بە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. **(( www.vitaminedz.org)**

5- پابەندنەبوونی بە بنەما و مەرجەکانی دروستکردنی کاری فەرهەنگسازی.

6- بۆ دیاریکردنی هاوواتا و دژواتای وشەکان و وشەکانی ناو دەقەکە پشت بە فەرهەنگی گشتی دەبەستن.

7- زۆربەی فەرهەنگە قوتابخانەییەکان دیاریکردنی کاری مۆرفۆلۆژی و فۆنەتیکی و سینتاکسی و واتاسازی وشەکان پشتگوێدەخات.

8- دوورکەوتنەوەی فەرهەنگ لە نێوان زمانی گشتی و زمانی تایبەتی، واتە زمانی پەتی و گشتی، ئەویش لەبەر زۆری کێڵگەی فێرکاری و زانیارییەکانە لە هەمان ئاستدا.

9- تەنها بایەخ بە شرۆڤەکردنی زاراوە و وشەکان دەدات، و زانیاری تەواو لەبارەیانەوە نادات.

10- ناتوانێت بەشێوەیەکی سەرەکی لەفێرکردنی زمان لەلای فێرکار بەشداربێت.

11-فەرهەنگێکی قوتابخانەیی نییە سەربەخۆبێت لە کتێبی قوتابخانەکاندا، کە لە کاتی هەر کێشەیەکی زماندا بگەڕێتەوە بۆی و زانیاری لەبارەیەوە وەربگری.

12- فەرهەنگی قوتابخانەییەکان نەیانتوانیوە ئەنجامی بیردۆزەکان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و بیردۆزەکانی بەیەکگەیاندن تەرخانبکەن بۆ دەروازەی فەرهەنگەکانیان و بەکاریانبێنن.

13- نەبوونی کاری فەرهەنگســـازی قوتابخانەیی لە داهێنانی یان دانانی فەرهەنگی قوتابخانەییدا، هەروەها نەبوونی هوشیارییەکی تەواو لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی فەرهەنگی قوتابخانەییدا.**(د.عصام ابوزلال: 2016: 109-110).**

هەر کەســێك بڕوانێتە گۆڕەپانی فەرهەنگســـازی، بە تایبەتی بواری فەرهەنگســـازی کوردی، ژمارەیەکی زۆر کەمی فەرهەنگی هەیە، کە خزمەت بە خوێنەر بکات، بە تایبەتی ئەگەر بڕوانێتە بواری خوێندنی پەروەردە، کە دەبێت بۆ هەر قۆناغێك و ئاســـتی زانســـتی فەرهەنگێك هەبێت.

ئەوەش دەربڕین لەوە دەکات، کە کێشەیەکی گەورەمان لە دانانی فەرهەنگی قوتابخانەییدا هەیە، کە وەك کتێبێکی ســـەربەخۆ و دیاریکراو لە پۆل و قۆناغە جیاوازەکاندا ناخوێندرێت، بۆ نموونە لە دایەنگەکان فەرهەنگێکی تایبەت بەو بوارە بۆ مندالآن تەرخاننەکرێت، هەروەها لە قوناغەکانی تریش، تەنها ئەوە نەبێت یەك فەرهەنگ لەوانەیە بدرێت بە قۆناغەکانی دواناوەندی و هەندێ جاریش مامۆستاکان زۆر بایەخ بە بەکارهێنانی ئەو فەرهەنگە نادەن.

1-2 پراکتیزەکردنی بنەماکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی**(فەرهەنگی قوتابخانە) بە نموونە**

2-1-1: ناساندنی فەرهەنگی قوتابخانە:

-فەرهەنگی قوتابخانە( عەرەبی – عەرەبی – کوردی)، ئامادەکردنی: محمد جعفر مجید، هەولێر، 2016.

ئەم فەرهەنگە لە ڕووی قەبارەوە، بە فەرهەنگێکی بچووك دادەنرێت و زیاتر لە (12000) دوانزەهەزار ســـەرەوشـــە لەخۆدەگرێت و لەگەڵ (600) وێنەی ڕەنگاوڕەنگ. م.زێوەر ئەنوەر کاری پێداچوونەوەی ئەم فەرهەنگەی کردووە. ئەم فەرهەنگە جیاواز لە فەرهەنگەکانی تر بە زمانی (عەرەبی – عەرەبی – کوردی) دانراوە و یەکێکە لەو فەرهەنگانەی کە هەڵگرتنی ئاسانە و سەرەوشەکانی کە (عەرەبی)یە بە ڕەنگی سوور نووسراوە و لێکدانەوەی سەرەوشەکەش کە پێش لێکدانەوەی بە کوردی و بە عەرەبی لێکدراوەتەوە و ڕەنگی شـــینیان بۆ داناوە و لێکدانەوە کوردییەکەش ڕەنگی ڕەشی تۆخیان بۆ داناوە، واتە سێ ڕەنگ دیاریکراوە، بۆ ئەوەی هێمابێت، کە ئەم فەرهەنگە (عەرەبی – عەرەبی – کوردی)یە. واتە سەرەوشەیەکی عەرەبیان هێناوەتەوە، ئینجا هاوواتاکەی لە زمانی عەرەبیدا و پاشـــانیش وشـــە کوردییەکەی. لە ڕووی جۆری کاغەزی فەرهەنگەکە بە کاغزێکی باش نووســـراوە و دیزاینێکی جوانی بۆ کراوە و وێنە و ڕەنگی جۆراوجۆر بۆ لاپەڕەی پیتەکان دانراوە و ئەویش جوانییەکی پێبەخشیوە و وا دەکات کە قوتابی یان خوێنەر ئارەزووی سەیرکردن و خوێندنەوەی بکات. ئەم فەرهەنگە لە (526) لاپەڕە پێکهاتووە.

لە ڕووی ناونیشـانەوە، ناونیشـانێکی زۆر گونجاوی هەیە و گوزارشـت لەو پرۆسـەیە دەکات، کە بۆی دانراوە و لەو ڕووەوە ناونانی فەرهەنگەکە بە **(فەرهەنگی قوتابخانە)** زۆر گونجاو و لە جێی خۆیەتی. لەم فەرهەنگەدا هەوڵدراوە سەرەوشە عەرەبییەکان بە (سەروبۆر)ەوە بنووسرێن، تا خوێنەر جیاوازی نێوان (کار و ناو و چاوگ) بکات و بەپێی توانا هەوڵیانداوە ناوە کۆیەکانیشـــیان نووسیوە.**(بڕوانە: محمد جعفر مجید:2016: 5).** سەرەوشەکانیش بە سادەترین و بڵاوترین شێوازی ڕیزکردن ڕیزکراوە، کە بریتییە لە ڕیزبەندی پیتی هیجائی – عەرەبی.

ئەم فەرهەنگە زیاتر ڕێچکەی ئەوەی گرتووە، کە ســـەرەوشـــەیەك بە زمانی عەرەبی بێنێتەوە و هاوواتاکەی بە وشەیەکی تری عەرەبی و پاشان بە کوردی بنووسێتەوە، واتە کەم سەرەوشە هەیە ڕستەی بۆ هێنرابێتەوە و کاری ڕێزمانی کەم تێداکراوە، هەروەها ئەو وێنانەی دانراون ناوەکانیان لەژێریان نەنووســـراوە، کە ئەمەش وادەکات قوتابی بە ئاســـانی ناوەکەی نەدۆزێتەوە. پێچەوانەی فەرهەنگی (هەراشان) کە هەر وێنەیەك لە ژێریدا ناوەکەی بۆ دانراوە.

2-1-2: ئاستی زانیارییە ڕێزمانییەکانی ناو فەرهەنگی (قوتابخانە):

ئەم فەرهەنگە، لەبەرئەوەی فەرهەنگێکی دووزمانییە- عەرەبی – عەرەبی – کوردی- و بە زمانی عەرەبی دەست پێدەکات و واتاکەی بە کوردی لێکدراوەتەوە، واتە کاری وەرگێڕان بۆ سەرەوشە عەرەبییەکانی کراوە، هیچ زانیارییەکی ڕێزمانی لەبارەی سەرەوشەکانەوە نەخستۆتەڕوو، زانیاری ڕێزمانیش مەبەست لە زانیارەکانی بواری (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، پراگماتیك ...هتد). تەنها ئەو زانیارییانە خستراوەتە ڕوو کە بۆ گەیاندنی یان وەرگێڕانی سەرەوشەکان پەنابردراوەتە بە وشە و فرێز و ڕستەهێنانەوە، تا واتای سەرەوشەکان بۆ قوتابیان ڕوون و ئاشکرابێت. ڕاستە ئەو جۆرە زانیارییانە بۆ هەندێ قوتابیانی سەرەتایی لەوانەیە زۆر پێویست نەبێت لەو جۆرە فەرهەنگەدا ڕوونبکرێتەوە، لەبەرئەوەی لەو قۆناغی سەرەتایی تاڕادەیەك تێگەیشتنی ئەو زانیاریانە لەوانەیە قورسی بێت، وەلێ ئامادەکەری فەرهەنگەکە نە لەبەرگ و نە لە پێشەکی فەرهەنگەکەی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە، کە ئەم فەرهەنگە ئاراستەی کام ئاستی خوێندن کراوە، تەنها ئەوەیان لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا وتووە، کە (بە مەبەستی زیاتر و زۆرتر خزمەتکردن بە دیارترین توێژی کۆمەڵگا کە قوتابی و فێرخوازی ڕێزدارە، ئەم فەرهەنگە دەخەینە بەر دەستی خوازیارانی زانست و زانیاری ...هتد).(**فەرهەنگی قوتابخانە:2016: 5)**. واتە ئامانجی فەرهەنگەکە ئەوەیە بۆ هەموو قوتابیان دانراوە و سوودیان پێ دەگەیەنێت، لەبەرئەوە گەر بێت و بۆ قوتابیانی تەمەنی ناوەندی و دواناوەندی دانرابا، بوونی ئەو زانیارییە ڕێزمانییانە لەو فەرهەنگەدا زۆر گرنگ و پێویست دەبوو، خۆ ئەگەر بۆ قوتابیانی خوێندنی بنەڕەتیش بێت، هەندێ زانیاری کورت و پوختی وەك پۆلێنکردنی وشەکان بۆ بەشە ئاخاوتنەکان و دیاریکردنی ئەو وشانەی لەناو زمانەکانی ترەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و بڕگەکردن و ...هتد، دیاریبکرێت، دەبێتە جێی بایەخی قوتابیان و سوودی خۆی دەگەیێنێت.

1- ئاستی زانیاری دەنگسازی:

لە ڕووی فەرهەنگسازییەوە زۆر گرنگە بایەخ بە لایەنی دەنگسازی سەرەوشەکان بدرێت و ئەوەی پێویست بێت بۆی دابنرێت، چ لە بارەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و سیستەمی نوسینی دەنگەکان و دانانی هێز و ژمارەی بڕگەی سەرەوشەکان، هەروەها دەرخستنی چۆنێتی گۆکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشە و نووسین لە فەرهەنگە نوێیەکاندا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە.(**سەنگەر مامەعەلی: 2013: 102)**. کەواتە دەبێت هەوڵبدرێت لە فەرهەنگی قوتابخانەیی جێی ئەو زانیارییە دەنگسازییانە بکرێتەوە، هیچ نەبێت بۆ ئەو قۆناغانەی کە تەمەن و ئاستی خوێندنیان ڕێیان پێدەدات، کە ئەو جۆرە زانیارییانە فێرببن.

-2- ئاستی زانیاری ڕستەسازی:

لە ڕووی ڕستەسازییەوە تەنها ئاماژە بەوە کراوە، کە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەوشە عەرەبییەکان فرێز و ڕستەیان هێناوەتەوە، تا واتاکانیان ڕوون ببێتەوە.

2-2: ڕێگاکانی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و نموونە و بەڵگە بەکارهاتووەکانی ناو فەرهەنگی (قوتابخانە):

2-2-1: ڕێگاکانی ڕاڤەرکردن و لێکدانەوەی بەکارهاتوو لە فەرهەنگی (قوتابخانە):

ئامانج و ئەرکی سەرەکی فەرهەنگی (قوتابخانە) ڕاڤەکردنی واتا و لێکدانەوەیەتی بەشێوەیەکی ئاسان و سووك و ڕوون، تا قوتابیان بتوانن لە وشەکان تێبگەن و درك بە واتاکانیان بکەن، ئەم ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوانەش هەروا بە ئاسانی نایەتە ئەنجام، بەڵکو بەپێی هەندێ بنەما و مەرج هەن، دەبێ ئەو پرۆسەیە بەو بارەدا تێپەڕێت، وەك ڕوونی لە ڕاڤەکردن و هەمان

ئەو چەمك و واتایە ببەخشێت كە بۆ وشەكە/زاراوەكە دانراوە، هەروەها جەختكردن لەسەر ئەو پێكهاتە زمانییەی كە دەبێتە هۆی ڕوونكردنەوەی واتاكەی، هەروەها پلەبەندی لە دیاریكردنی واتای وشە ڕاڤەكراوەكە و ڕیزكردنی بەپێی باو و بڵاوی و بەكارهێنانەوە.
ڕاڤەكردنی وشەكە/زاراوەكە بەشێوەی جیاواز و جۆراوجۆر دەبێت، واتە بۆ ڕوونكردنەوەی وشەكان/زاراوەكان دەكرێت ڕێگەی جیاواز بگیرێتەبەر. ئەگەر سەیری فەرهەنگەكانی زمانی كوردی بكەین لە ڕاڤەكردنی سەرەوشەكان، دەبینین ڕێگای جۆراوجۆریان بەكارهێناوە بێ جیاكردنەوەی نێوانیان، بەڵام فەرهەنگە نوێیەكان بۆ هەر یەكێك لە فەرهەنگەكان ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە، كە گونجاوە بۆی، لە بڵاوترین و گرنگترین ڕێگاكانی ڕاڤەكردن، ڕێگای ڕاڤەكردنە لەڕێی هاوواتا و دژواتا و بەپێی دەوروبەر و هەروەها بەپێی پێكهاتە واتاییەكانییەوە[iii]...هتد.
فەرهەنگی (**قوتابخانە**) لەبەرئەوەی فەرهەنگێكی (عەرەبی – عەرەبی – كوردی)یە، سەرەوشەكانی بە عەرەبی دەستپێدەكات و بۆ ڕوونكردنەوەی سەرەوشەكە پەنایبردۆتە بەر هاوواتاكەی بە زمانی عەرەبی و پاشان ڕوونكردنەوە و وەرگێرانی بە زمانی كوردی و لە كوردییەكەشدا، زۆربەی كات بە مەبەستی ئەوەی هەم واتا وشە عەرەبییەكە و هەم وشە كوردییەكە ڕوون و ئاشكرابێت لە ڕووی واتاوە، وشەی هاوواتای زۆر بەكارهێناوە، بۆ نموونە، بۆ ڕوونكردنەوەی سەرەوشەی:
- **باكر**: اول النهار الى طلوع الشمس: بەرەبەیان، بەیانی زوو.(ل73).
- **تفسیر**: شرح، ایضاح: ڕاڤەكردن، ڕوونكردنەوە.(ت112).
لەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە وشەكان نەكراوە لە ڕوی دژواتایی و فرەواتایی و هاوبێژییەوە.
پەنابردنە بەر ڕێگەی هاوواتا لە فەرهەنگی قوتابخانەیی، بیرۆكەیەكی زۆر باشە و دەبێتە كورتترین ڕێگە بۆ ڕاڤەكردنی سەرەوشەكان، بەڵام هەندێ جار لەوانەیە ئەو وشە هاوواتایەی دادەنرێت خۆی تێگەیشتنی ئاسان نەبێت، بۆیە ئەو وشە هاواتایە لەو لاپەڕەیەی بۆیدانراوە ڕوونكرابێتەوە كارێكی باش دەبێت.

2-2-2: بەڵگە و نموونە بەكارهێنراوەكان لەناو فەرهەنگی (قوتابخانە):

بەكارهێنانی بەڵگە و نموونە لە فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگی قوتابخانەیی بە تایبەتی كارێكی گرنگ و پیویستە و دەبێت بە بڵاوی بەكاربێت، چ بەڵگەی زمانی یان وێنەیی بێت، كە وا دەكات گرنگییەكی گەورە بە واتاكەی ببەخشێت و دەرخستنی بە شێوەیەكی ڕوون تا قوتابی بتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات، هەروەها وەك پاڵپشتییەكی لێدێت، بۆ ئەو زانیارییانەی كە دەربارەی وشە ڕاڤەكراوەكە پێشكەشدەكرێت و لە هەمان كاتیشدا دەبێتە سەلماندنی بوونی ئەو وشەیە لە زمانەكەدا.
ئەگەر سەیری ئەو بەڵگە و نموونانە لە فەرهەنگی (**قوتابخانە**) بكەین، دەبینین بەم شێوەیە باسكراوە:

3-2-2: بەڵگە وێنەییە ڕوونكراوەییەكان:

هەندێ جار ڕاڤەكردن و لێكدانەوە و شیكردنەوەی هەندێ لە سەرەوشەكان واتای ڕاستەقینەیی نادەن بە دەستەوە، یان واتاكانیان زۆر ڕوون و دیارنابن، بۆیە فەرهەنگساز پەنا دەباتە بەر ڕێگەی تر، بۆ ڕوونكردنەوەی و دەرخستنی واتاكەی بۆ قوتابیان، ئەم ڕێگەیەش ڕێگەی بەكارهێنانی وێنەیە، یان پێی دەوترێت (بەڵگەی وێنەیی). گومانی تێدانییە بەكارهێنانی وێنە بۆ ڕوونكردنەوەی زۆرێك لەو وشانەی كە واتاكانیان زۆر ڕون نییە، زۆر بە سوود و كاریگەر دەبێت بۆ تێگەیشتن.
هەروەها بەكارهێنانی وێنە یارمەتی خوێنەر دەدات، بۆ ئەوەی تێڕوانینێكی بۆ واتای وشەكە بە ڕوونی هەبێت، هەرچەندە بوترێت كە ڕوخساری شتێك وایە و ناسراوە، زۆر ئەو وردبینی و ڕوونییەی نابێت، كە واتا لە ڕێی بەكارهێنانی وێنەوە دەیبێت.**(محمد احمد ابو الفرج:1966: 126).**

فەرهەنگی **(قوتابخانە)** بەڵگەی وێنەیی بۆ چەند سەرەوشەیەك بەكارهێناوە، كە ژمارەیان (600) شەش سەد وێنەی جۆراوجۆرە و بریتین لە وێنەی (باڵندە و ئاژەڵ و ڕووەك میوە و سەوزە و گوڵ و ئامێر و كەسایەتی و تاقگە و ڕووبار...هتد) وێنەكان لە لاپەڕەی جیاواز بەكارهاتووە و لە كوێ بە گرنگ زانرابێت وێنەیەكیان لە نزیك یان لە سـەرەوە یان ژێر سـەرەوشـەكە داناوە و ڕەنگاوڕەنگن. هەندێ جار وێنە ڕۆڵێكی گەورەتر لە وشە دەگێڕێت، لەبەرئەوەی وێنە توانای هەیە بەربەستی زمانی تێپەڕێنێت ((وێنە – وەك پەندێكی چینی هەیە دەڵێ، دەكرێ لە بری هەزار وشە بەكاربێت)). **(بڕوانە:احمد شـفیق الخطیب:1986 : 621)**. چونكە (...هەندێ جار لێكدانەوەی هەندێ لە دەروازەكان لەوانەیە تەنها بە وەسـفكردن و باسـكردنی نەكرێت، بۆیە هەندێ لە فەرهەنگسـازەكان پەنادەبەنە بەر شـرۆڤەكردن لەڕێی وێنەوە، ئەویش بە دانانی وێنە بەرانبەر بە وشـەكە...).**(محمد احمد ابوالفرج:2009: 126)**. زۆربەی فەرهەنگە كوردییەكان بە تایبەتی قوتابخانەییەكان وێنەیان كەم تێدایە، بۆ نموونە فەرهەنگی (هەراشـان- 2007) تەنها (100) وێنەی تێدا بەكارهاتووە و فەرهەنگی (هەرزە- 2012) یەك وێنەشـی تێدایە نییە و بۆ قوتابیانیش دانراون، هەروەها فەرهەنگی (تریفە) وێنەی ڕوونكراوەیی لەبەرانبەر هیچ دەروازەیەك دانەناوە، تەنها لەسـەرەتای لاپەڕەی هەر پیتێك وێنەیەكی داناوە، بۆنموونە لە سـەرەتای لاپەڕەی پیتی (ب) وێنەیەكی شـاری (بەغدا)یان هێناوەتەوە، فەرهەنگی (قوتابی-2001) هیچ وێنەیەكی تێدا بەكارنەهاتووە، كەچی فەرهەنگی (قوتابی- 1985) تا ڕادەیەكی باش وێنەی تێدا بەكارهاتووە[iv].

فەرهەنگی (قوتابخانە) لە دانانی ناوی وێنەكان زۆر سـەركەوتوو نەبوونە، لەبەرئەوەی وێنەكە دانراوە و نازانی ئاماژە بۆ كام سـەرەوشـە دەكات، وا باشتر دەبوو لەژێر وێنەكە ناوەكە یاخود ئەو وشەیەی مەبەستە دابنرێت.

## 4-2-2: باسكردنی ڕوخساری دەرەكی فەرهەنگی (قوتابخانە):

پێش هەموو شـتێك، خوێنەر یان قوتابی، كاتێ ئەو فەرهەنگە دەكڕێت، یان وەریدەگرێت، ڕاسـتەوخۆ و پێش هەموو شـتێك، دەڕوانێتە ڕوخسـاری فەرهەنگەكە، پاشـان قەبارەكەی، ئایە قورسە؟ یان گەورەیە؟

تێڕوانینی قوتابی بۆ ڕوخساری فەرهەنگەكە، ڕەهەندی دەروونی خۆیی و كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسـەر قوتابییەكە دەبێت، یان وایلێدەكات لێی نزیك بێتەوە یان دووربكەوێتەوە لێی. واتە بایەخدان بە ڕەنگ و دیزاین و بەرگ و شێوازی نووسین و ...هتد، فەرهەنگەكە زۆر گرنگە و كاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی قوتابی و خوێنەر دەبێت.

ئەگەر بمانەوێت وەسـفی ڕوخسـاری دەرەكی فەرهەنگی (قوتابخانە) بكەین، دەبینین بەرگێكی سـادەی ڕەنگاوڕەنگی هەیە و تاڕادەیەك لەبەرگەكەیەوە جگە لە ناوی فەرهەنگەكە هەسـت بەوە دەكەیت، كە فەرهەنگێكە بۆ قوتابخانە و قوتابیان دانراوە، ناوی فەرهەنگەكە بە خەتێكی گەورە و ڕوون و جوان نووسـراوە هەر لەژێر ناوی فەرهەنگەكەش كەمێ لەخوارەوە ناوی یا ئامادەكەری فەرهەنگەكە نووسراوە.




(وێنەیەك ڕووخساری دەرەکی یا بەرگی فەرهەنگەکە دەردەخات)

ئێستا پێشکەوتنی خێرا لە بواری تەکنەلۆژیا و جیهانی دیزاین و چاپ و دەرهێناندا هەیە، ئامادەکەری فەرهەنگەکە، یان ئەو دەزگایەی کە چاپیکردووە، ئەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەیان قۆستوتەوە و سوودیان لێبینیوە لە چاپکردنی بەرگی فەرهەنگەکەدا. لایەنی فێرکاری لەسەر بەرگی فەرهەنگەکە ڕەنگدانەوەی هەیە، کە وێنە(کتێب، شوشەی مەرەکەب...هتد) لەسەر بەرگی سەرەکی فەرهەنگەکەدا کێشراوە و قوتابی تاڕادەیەك لەڕێی ئەو وێنە و دیزاینەوە دەزانێت کە ئەو فەرهەنگە بۆ قوتابخانە دانراوە. بەرگی فەرهەنگ، یان بڵێین ڕوخساری دەرەکی فەرهەنگ ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی قوتابی و تەنانەت خوێنەریش هەیە، بە تایبەتی بۆ جۆری ئەو فەرهەنگە.

ڕێکوپێکی ڕوخساری دەرەکی فەرهەنگ بایەخ و گرنگی خۆی لەسەر قوتابی هەیە، چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە وشەکانی زمانەکەی لەناو کتێبێکی جوان و سەرەنج ڕاکێشدا ببینێت.**(احمد محمد المعتوق:2008: 172)**. بۆیە لایەنی دەرهێنانی فەرهەنگیش کاریگەری هەیە، وەك جۆری دیزاین و کاغەز و بەکارهێنانی وێنە و قەبارەی فۆنتی پیتەکان و لایەنەکانی تریش. ڕاستە ناوەڕۆك ڕۆڵی لە ڕوخسار گرنگترە، بەڵام ڕوخساریش کاریگەری خۆی هەیە، چونکە پێش ناوەڕۆك منداڵ یان قوتابی دەڕوانێتە وێنە و ڕوخساری فەرهەنگەکە، ئەگەر بەرگ و ڕەنگ ڕوخسارێکی

ســـەرنجڕاکێشـــی هەبێت، بێگومان منداڵەکە هاندەدات بۆ خوێندنەوەی و هاوڕێبوونی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا.**(احمد محمد المعتوق:1996: 248).**
دەربارەی قەباره و بارســـتەی فەرهەنگەکە، تاڕادەیەکی زۆر، گونجاوە بۆ قوتابیان لەڕووی هەڵگرتن و بردنی بۆ قوتابخانە لەگەڵ خۆیان. ژمارەی لاپەڕەکانیشـــی تا ڕادەیەك زۆرە کە لە (526) لاپەڕە پێکهاتووە. بەڵام قەبارەی بچووکە. سـەرەوشـەکان بە ڕەنگی پەمبەیی نووسـراوە و وشە هاواتا عەرەبییەکەی بە ڕەنگی شین نووسراوە و وشە کوردییەکانیش بە ڕەنگی ڕەش دانراوە و نووســـراوە و ڕوونکراونەتەوە و زۆر ڕوون و دیارن و بە ئاســـانی دەخوێنرێنەوە، ئەمەش وا دەکات قوتابی بە ئاســـانی ئەو وشـــانە بدۆزێتەوە کە بە دوایدا دەگەڕێت. لە کاتی نووســـینی ســـەرەوشـــەکان دەبێت بۆ قەبارەی نووســـینی پیتەکان تەمەنی ئەو کەســـانەی فەرهەنگەکەی بۆ دادەنرێت ڕەچاوبکرێت و ڕۆڵی خۆی هەبێت، لەبەرئەوەی تەمەنی قوتابیانی ســـەرەتایی وەك تەمەنی قوتابیانی دواقۆناغەکان نییە و منداڵانی/ قوتابیانی تەمەنە بچووکەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن وشەکان بە پیتی گەورە بنووسرێن، لەبەرئەوەی هێزی دەمارەکانی بینین لە لای بچووکەکان لاوازترە لە لای گەورەکان.**(د.شەهاب شێخ تەیب تاهیر:2020: 257).**
لە ڕووی ژمارەی دەروازەکانی/سـەرەوشـەکانی فەرهەنگەکە، بریتییە لە (12000) سـەرەوشـە، ئەمەش تاڕادەیەك ژمارەیەکی زۆرە.
سـەبارەت بە چاپ و دەرهێنانەوە لە ڕوونکردنەوەی بەرگی فەرهەنگەکە زانیاریمان لەو بارەیەوە خســـتوەتەڕوو. کەچی لە بارەی کاغەز و جۆر و نووســـینی ســـەرەوشـــەکان و ڕوونکردنەوەیان، دەتوانین بڵێین جۆری کاغەزی بەکارهاتوو باشـــە، واتە تا ڕادەیەکی زۆر بەراورد بە جۆر و کوالیتی کاغەزەکانی تری بەکارهاتوو لە وڵاتەکانی تر لە جۆری مامناوەندە.

5-2-2: باسکردنی ناوەوەی فەرهەنگەکە(بابەت و ڕێباز):
پاش باسکردنی لایەنی دەرەکی فەرهەنگەکە، باسی ناوەوەی فەرهەنگەکە دەکەین، کە بریتی دەبێت لە کەرەســـە زمانییەکە و ئەو ڕێبازەی لە دروســـتکردن و دانانیدا گیراوەتەبەر. پێش باســـکردنی پێکهاتە و ئەو ڕێبازەی گیراوەتەبەر، گوزەرێك بە پێشـــەکی ئەم فەرهەنگە دەکەین و ئەو خاڵە گرنگ و سەرەکییانە دەستنیشاندەکەین، کە باسیان کردوون.
1-5-2-2: پێشەکی فەرهەنگەکە:
مەرجە لە فەرهەنگی قوتابخانەیی وەك هەر جۆرێکی تری فەرهەنگ هەندێ زانیاری هەیە تۆماربکرێت، کە زۆر گرنگە ئەم زانیارییانەی تێدابێت: (ئامانج لە دانانی فەرهەنگ/ ڕێبازی ڕیزکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ/ ئەو قۆناغەی بۆی دانراوە/ سەرچاوە بەکارهاتووەکان/ دانانی ڕەمز و هێماکورتکراوەکان...هتد).
- لە پێشـــەکی ئەم فەرهەنگە ئاماژە بە هەندێ زانیاری بە کورتی دراوە و ئەویان ڕوونکردۆتەوە، کە ئامانجیان خزمەتکردنی خوێنەر و قوتابیانە و هەوڵیانداوە، کە بەشێوەیەکی ئاسان سەرەوشەکان کە بە عەرەبی نووسـراوە بە وشـەیەکی تری عەرەبی و کوردی ڕوونبکەنەوە، هەروەها ئەوشـیان وتووە کە هەوڵیان داوە وشە عەرەبییەکان بە (سەر و بۆر)ەوە بنووسن، تا خوێنەر جیاوازی نێوان (کـار و نـاو و چـاوگ)ی بۆ دەرکـەوێت و نـاوە کۆیـەکـانیشـــیـان لـەگـەڵ نووســـیـوە. هـەروەهـا ڕوونکردنەوەی زۆریان لە بارەی سەرەوشەکانەوە نەداوە، تا خوێنەر واتا بنچینەیەکەی وشەکان لە یادنەکات.**(فەرهەنگی قوتابخانە:2016: 6).**

- چۆنێتی دۆزینەوەی وشـەکانی ناو ئەم فەرهەنگەیان ڕوونکردۆتەوە و بە پێی ئەم ڕیزبەندییە: (ا، ب، ت، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص،ض،ط،ظ، ،ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، ل، م، ن، هـ ، و، ی).

لە کۆتایی دەستنیشانکردنی ئەو خاڵە گرنگانەی کە لە پێشەکی ئەو فەرهەنگەدا هاتووە، دەگەینە ئەو تێبینیانەی خوارەوە:

أ- پێشەکییەکی کورت و پوختە و لە دوو لاپەڕەی قەبارەبچووك پێکهاتوە.

ب- نە لەســـەر بەرەگی فەرهەنگەکە و نە لەپێشـــەکییەکەیدا ئەو تەمەنەیان دیارینەکردووە، کە فەرهەنگەکەی بۆ دانراوە.

ج- باسی ئەو ڕێبازەیان نەکردووە، کە بابەت، یان کەرەسە زمانییەکانیان پێ ڕیزکردووە.

د- ناوی هیچ فەرهەنگێك، یان هیچ سەرچاوەیەکیان نەهێناوە کە پشتیان پێبەستبێت، لە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگە.

هــــ- هەروەها دانانی پاشکۆ لە کۆتایی هەر فەرهەنگێکدا کارێکی زۆر پێویستە، ئەو پاشکۆیانەش زۆربەی کات زانیاری بە سوود پێشکەش بە خوێنەر و قوتابی دەکەن، فەرهەنگی (قوتابخانە) هیچ پاشکۆیەکی دانەناوە.

6-2-2: پێگەی فەرهەنگی (قوتابخانە) بەپێی پۆلێنکردنی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

فەرهەنگی قوتابخانەیی دەکرێت بە پێی چەند بنەمایەك پۆلێنبکرێت، یەکێ لەو بنەمایانە، (تەمەن)ە، کە ئەم بنەمایە کاریگەرییەکی گەورەی لە پرۆســــەی دانانی بە ئەنجامگەیاندنی فەرهەنگ و دانانییەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەو فەرهەنگە لە بنەڕەتدا بۆ بەکارهێنەرێکی دیاریکراو دانراوە، ئەو بەکارهێنەرەش خاوەنی کۆمەڵێك خەســـڵەت و تایبەتمەندییە، لەو تایبەتمەندییانەش تەمەنی بەکارهێنەری فەرهەنگەکەیە، لەبەرئەوەی تەمەنی بەکارهێنەر ســـروشـــتی ئەو فەرهەنگە و ئەو زانیارییانەی دەبێت پێشــکەشــبکات، دیاریدەکات، هەروەها (ئاســت یان قۆناغی خوێندن)ە، کە ئەمیش یەکێکی ترە لەو بنەمایانەی، زۆر گرنگە لە دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرەدا ڕەچاوی ئاستی خوێندن، یان قۆناغەکانی خوێندنی تێدابکرێت، بۆ نموونە فەرهەنگ بۆ قۆناغەکانی دایەنگە و باخچەی ســـاوایان و قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندییەکان و تەنانەت زانکۆش دابنرێت. ڕەچاوی تایبەتمەندێتی و ســـەرجەم پێداویســـتییەکانی خوێندکارانی ئەو قۆناغانەی خوێندنی تێدابکرێت. بۆیە دەکرێت فەرهەنگە قوتابخانەییەکانیش بۆ ئەم ئاستانە دابەش بکەین:

1-6-2-2: بەپێی تەمەنی بەکارهێنەری فەرهەنگ (قۆناغی تەمەنیان):

لەم فەرهەنگەدا تەمەنی قوتابی دیارینەکراوە، تەنها ئەوەیە کە بۆ قوتابیان دانراوە و ناونراوە فەرهەنگی قوتابخانە، دیارە ئامانجەکەش ئەوەیە بۆ هەموو قوتابیان دانراوە، کە ئەمەش کارێکی زانســـتی نییە، لەبەرئەوەی فەرهەنگی قوتابخانەیی دەبێت بە پێی تەمەن یان قۆناغەکانی خوێندن دابنرێت.

2-6-2-2: بەپێی ئاستی فێرکاری:

لەم جۆرەدا کەرەســـەکانی ناو فەرهەنگ بەشـــێوەیەك هەڵدەبژێردرێت، کە لەگەڵ ئاســـتێك لە ئاســـتەکانی فێرکردنی قوتابی لە ژیانی خوێندنیدا گونجاوبێت، بەمەش بۆ هەر قۆناغێکی فێرکردن فەرهەنگێکی تایبەتی دەبێت. دانانی فەرهەنگیش بەپێی ئاســـتی فێرکردن یان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن باشترە لە دانانی بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان، لەبەرئەوەی ئاستی/قۆناغی فێرکاری جێگیرە و ناگۆڕێت و ئەگەر قوتابی لە قۆناغێکی فێرکارییەوە پەڕییەوە بۆ قۆناغێکی فێرکاری تر، پێویستی

به فەرهەنگێکی تر دەبێت بێ ڕەچاوکردنی تەمەنی بە تایبەتی لەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا کە فێرکردنی خودی تێیدا بڵاوە، کە تاك بەتەنها یان بە یارمەتی هەندێ لە دامودەزگاکان ئاسـتی فێرکردنی خۆی و بەرەوپێشچوونی، چاکبکات.(**سليمة بن مدور:2006: 53**).

3-6-2-2: بەپێی جۆر و ژمارەی زمانەکان:

فەرهەنگی (قوتابخانە) فەرهەنگێکی دووزمانییە و جگە لەوەی بە وشـەی عەرەبی دەسـتپێدەکات و واتاکەی بە کوردی لێکدراوەتەوە، هەروەها بۆ وشـە عەرەبییەکەشـی هاوواتاکەی بە هەمان زمان لێکدراوەتەوە.

فەرهەنگی دووزمانیی مەبەسـت ئەوەیە دوو زمانی تێدا بەکارهاتبێت، لە زمانی کوردیدا هەردوو فەرهەنگی (ڕابەر) کە (عەرەبی- کوردییە) و فەرهەنگی (مەهاباد) کە (کوردی – عەرەبی)ی گیوی موکریانی بۆ قوتابخانە دایناون، هەروەها فەرهەنگی (نۆبارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانی کە (عەرەبی- کوردی)یە و فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە (عەرەبی – کوردی)یە و شـێخ مارفی نۆدێیی و فـەرهـەنگی (قوتـابی) کـە (کوردی – عـەرەبی)یـە و وەزارەتی پـەروەردەی عێراق و فـەرهـەنگی (قوتـابی) کـە (ئینگلیزی – کوردی)یـە و وەزراەتی پـەروەردەی کۆمـاری عێراق و (فەرهەنگۆك)ی (کوردی – عەرەبی) د.عیزەددین مسـتەفا ڕەسـول ....هتد، دایانناون، لە جۆری فەرهەنگی دوو زمانەن. هەروەها فەرهەنگی (تریفە) کە (کوردی – عەرەبی- ئینگلیزی )یە و لیژنـەیـەك لـە بـەڕێوەبـەرایـەتی خوێندنی کوردیی وەزارەتی پـەروەردە دایـانـاوە، فـەرهـەنگێکی فرەزمانییە.

4-6-2-2: بەپێی قەبارەی فەرهەنگ:

فەرهەنگی (**قوتابخانە**) بەپێی قەبارە، دەچێتە خانەی فەرهەنگی بچووکەوە،

ئەم جۆرە فەرهەنگە فەرهەنگی پوختیشـی پێدەوترێت. ئەم جۆرە فەرهەنگە ئاراسـتەی هەموو خوێندکارێك دەکرێت، بەڵام بەپێی قۆناغەکانی خوێندنی قەبارە بچووکێتییەکەشـی دەگۆڕێت، بۆ نموونە فەرهەنگێکی بچووك کە بۆ باخچەی سـاوایان دانرابێت، دەبێت لەڕووی قەبارەییەوە لە فەرهەنگێکی بچووك کە بۆ قۆناغی بنەڕەتی یان سـەرەتایی دانرابێت، جیاوازی هەبێت. ئەم جۆرە فەرهەنگە کەسانی تریش سوودی لێ دەبینن، بە تایبەتی ئەوانەی بیانەوێت فێری زمانەکە ببن، یان بیانەوێت هەندێ زانیاری سەرەتاییان دەسبکەوێت.

ئەم جۆرە فەرهەنگە دەبێت بچووك بێت و تەنها ئەو زانیارییە گرنگانە لەخۆبگرێت، کە بۆ ئەو تەمەنە یان قۆناغە، کە گرنگە لە فەرهەنگەکەدا هەبێت و زانیاری ئاڵۆز و ناڕوون لەخۆی نەگرێت و زیاتر بایەخ بە بەکارهێنانی وێنە و زانیاری لە بارەی گۆکردنی وشـەکانەوە بدات. لە زمانی کوردیدا فەرهەنگێکی لەم شـێوەیە و بەم تایبەتمەندییانە، کە لەلایەن لیژنەیەکی پسـپۆر، یان وەزارەتی پەروەردەوە و یان ئەکایدیمیای کوردیی یان هەر لایەنێکی ترەوە بێت نییە، بەڵام هەندێ کـەس بـە هـەوڵی تاکە کـەسـی کـاریـان لـە دانـانی فـەرهـەنگێکی لـەو جۆرە کردووە، بۆ نموونە (فەرهەنگی وێنەداری دیدار) و (وشـەنامەی وێنداری هەنگاو). کە هەندێ زانیاری تا ڕادەیەکیش ئەگەر سادەش بن، لەخۆدەگرێت، هەروەها هەردوو فەرهەنگەکە توانیویانە چەندین وشە و زاراوە دەسـتنیشـان بکەن و بەرانبەریان وێنە و ڕوونکردنەوە لە بارەیانەوە بدەن[v]. بۆ هەندێ لە وشـەکان نموونە و بەڵگەیان هێناوەتەوە، کە پێویسـتییەکانی خوێندکاران دابیندەکات. سـەرەڕای ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆ خوێندکاران دانەنراوە، بەڵام دەکرێت وەك فەرهەنگێك بۆ سوودی خوێندکارانی تەمەنی بچووك سـوودیان لێ ببینرێت، لەڕووی قەبارە و هەڵگرتنەوەش زۆر قورس نییە و هەڵگرتنیشـی ئاسانە و جۆری کاغەز و ڕەنگەکانی بەشێوەیەکی زانستییانە باش بەکارهاتوون.

3-2- ڕەگەزەکانی دانانی فەرهەنگی قوتابخانەیی:

2-3-1- چاپ و دەرهێنان:

فەرهەنگی (قوتابخانە) لە ڕووی چاپ و دەرهێنانەوە تاڕادەیەکی باش چاپێکی باشی بۆ کراوەو و هەروەها بەرگەکەشی زۆر باشە و وێنە و ڕەنگی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بەکارهاتووە. چاپ و دەرهێنانی فەرهەنگ دیزاینی بەرگ و جۆری کاغەز و قەبارەی فۆنت و وێنە و ڕەنگ و ڕوونی پەراوێز و ...هتد، لەخۆدەگرێت. کاری چاپ و دەرهێنان لە پرۆسەی دانانی فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگی قوتابخانەیی بەتایبەتی، بایەخ و بەهایەکی گەورەی هەیە. لایەنی دەرهێنانی فەرهەنگیش، وەك جۆری دیزاین و کاغەز و بەکارهێنانی وێنە و قەبارەی فۆنتی پیتەکان و لایەنەکانی تریش، کاریگەری خۆی هەیە، (ڕاستە ناوەرۆك ڕۆڵی لە ڕوخسار گرنگترە، بەڵام ڕوخساریش کاریگەری خۆی هەیە، چونکە پێش ناوەرۆك منداڵ یان خوێندکار ئەڕواننە وێنە و ڕوخساری فەرهەنگەکە، ئەگەر بەرگ و ڕەنگ ڕوخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، بێگومان منداڵکە هاندەدات بۆ خوێندنەوەی و هاوڕێبوونی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا).**(احمد محمد المعتوق:1996: 248)**.

2-3-2: ناونیشان:

ناونیشانی فەرهەنگەکە لە یەك وشە پێکهاتووە، کە ناویان ناوە فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)**، کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگی قوتابخانەیی بە تایبەتی لە یەك وشەی پەیوەندیدار بە بواری قوتابخانەوە پێکبێت باشترە. ناونیشان بە خاڵێکی گرنگ دەژمێردرێت و لەوانەیە وشەیەك یان دوو وشە یان دەستەواژەیەك بێت. ناونیشان پوختەیەك یان ئەنجامی دەقێکمان پێنادات، بەڵکو وەك کلیلێك وایە، کە دەرگای ژووریماڵێکی پێ دەکەینەوە، هەروەها ئارەزووی خوێندنەوە و نەخوێندنەوەی دەقێکمان لەلا پێدەبەخشێت.**(سلیمة بن مدور:2006: 139)**.

بۆیە دەبێت ناونیشانی فەرهەنگەکانیش لەگەڵ تەمەن و قۆناغ و پێکهاتەی ناوەرۆکی بابەتەکە گونجاوبێت و لە چوارچێوەی ئەو بابەتە زمانییەبێت کە بۆی دانراوە .

ناونیشانەکانیش هەندێ جار لە یەك وشە و هەندێ جاریش لە دوو وشە پێکدێت، هەر بۆ نموونە ناوی هەندێ لەو فەرهەنگانە دێنینەوە، کە بۆ قوتابیان دانراون، وەك: (فەرهەنگی هەراشان) و(فەرهەنگی هەرزە) و (فەرهەنگی تریفە)و (فەرهەنگی قوتابی)..هتد، کە ناونیشانەکانیان لەگەڵ ناوەرۆك و ڕوخساری فەرهەنگەکەدا گونجاوە. لەژێر ناونیشانەکەش ناوی داهێنەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و ساڵەکە دەنووسرێ.

2-3-3: پێشەکی فەرهەنگ:

پێشەکی، یەکێك لە ڕەگەزەکانی دانانی فەرهەنگ و دەبێت بەبایەخەوە کاری لەسەر بکرێت و بایەخێکی زۆری پێبدرێت و کۆمەڵێ زانیاری گرنگ هەیە دەبێت لەخۆی بگرێت. یەکێ لەوانەی کە بایەخێکی زۆری بە پێشەکی فەرهەنگەکەی دابێت مامۆستا زەبیحی بووە، کە (110) لاپەڕەی بۆ پێشەکی فەرهەنگەکەی تەرخانکردووە و زانیاری گشتگیری تێدا باسکردووە. بۆیە ((پێویستە قوتابی بۆ نموونە فێری ئەوەبێت کە پێشەکی فەرهەنگ بخوێنێتەوە، بۆئەوەی ئاگای لە پلانی داهێنەرەکە هەبێت و ڕەمز و هێما کورتکراوەکان و زاراوەکانی فەرهەنگسازی بەکارهاتوو بناسێتەوە)).**(د.على القاسمى:1991: 164)**.

پێشەکی دەکرێت ئەم خاڵانەش لەخۆبگرێت: (ئامانج و ڕێباز و بۆ چ توێژێك دانراوە و لیستێك بە ڕەمز و کورتکراوە و وێنە و نەخشەو ...هتد، یارمەتی خوێنەر دەدات لەو خوێندنەوەیەدا،**(سلیمة بن مدور:2006: 143)**. هەروەها لیستێك بە ناوی ئەو سەرچاوانەی کە لەو فەرهەنگەدا سوودیان

لێ بینراوە. بێجگە لەو زانیارییانەش، دەکرێت هەر فەرهەنگێك، بە تایبەتی لە پێشەکییەکەیدا زانیاری لە بارەی (زمان و تایبەتییەکان) و (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و واتاسازی) و (چۆنێتی ڕێکخستنی دەروازەکان)...ەوە تێدابێت.**(سەنگەر عەلی مامە:2013: 98)**.

2-3-4: ئامانج لە فەرهەنگ:

لە فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** ئامانج لەو فەرهەنگە دیاریکراوە، ئەویش ئەوەیە کە قوتابیان و زانستخوازان بتوانن سوود لە فەرهەنگێکی دوو زمانەی (عەرەبی – کوردی)ی ببینن، هەروەها ببێتە سەرچاوەیەك بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و لێکدانەوەی بە زمانی کوردی.

2-3-5: ڕێبازی ڕیزکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ:

فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێی عەرەبی ڕیزکراوە، لەبەرئەوەی سەرەوشەکانی بە زمانی عەرەبی دەستپێدەکات. قوتابیش بە ئاسانی وشەکانی دەدۆزێتەوە.

2-3-6: ئەو توێژەی بۆی دانراوە:

فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە و کە بۆ قوتابیان و زانستخوازان ئەم فەرهەنگەیان داناوە. زۆر گرنگە لە پێشەکی فەرهەنگدا، ئەو توێژە دیارییکرێت، کە بۆی دانراوە.

زۆربەی – ئەگەر هەمووی نەبێت – ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ قوتابییان دانراون، قۆناغ و ئاستیان دیارناکات، کە بۆ چ قۆناغێکی خوێندن دانراوە، بەڵکو لەبەرگەکەی دەنووسرێت بۆ هەموو قوتابییەك دانراوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێت فەرهەنگێك بۆ گشت قۆناغ و ئاستەکانی خوێندنی قوتابییان گونجاوبێت؟ بۆ لە پێشەکی فەرهەنگەکاندا ئەو خاڵە دیاری ناکرێت؟ لەوانەیە ئەوەش بۆ ئەم هۆکارانە بگەڕێتەوە:

1- مەبەستی فرۆشتن و قازانجکردن(بازرگانی)بێت.

2- شارەزانەبوونی داهێنەرەکانی بە پێویستییە زمانییەکانی هەر قۆناغ و تەمەنێك، چونکە لێکۆڵینەوەیەك نییە تایبەت بێت بەو بابەتانەی کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن پێویستی پێیەتی و دەخوێندرێت.**(شەهاب شێخ تەیب:2020: 275)**.

2-3-7: ڕێبەری بەکارهێنان و ڕەمز و هێماکورتکراوەکان:

لە فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** هیچ هێما و ڕەمز و کورتکراوەیەك ئاماژەی پێنەکراوە، دانانی ئەو ڕەمز و هێما و کورتکراوانە نەك هەر لە فەرهەنگ لە هەر کتێبێکیش کارێکی زانستییە و سوودبەخشە، کە ئەویش (ئامادەکردنی لیستێکە، کە ڕەمز و هێمای کورتکراوەی بەکارهاتوو لە فەرهەنگەکە لەخۆدەگرێت و لە پێشەکی یان لە لاپەڕەیەك لەسەرەتای فەرهەنگەکەوە دادەنرێت، نموونەیەکیش بۆ هەر یەکێکیان دادەنرێت، تا خوێنەر بتوانێت لەناو فەرهەنگەکەدا لێیتێبگات.**(د.علی القاسمی:2003: 117)**.

2-3-8- لاپەڕەی سەرچاوەکان:

لە فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** ئاماژە بۆ هیچ فەرهەنگ و سەرچاوەیەك نەکراوە، کە لە ئامادەکردنیدا سوودیان لێ بینیبێت، هەندێ فەرهەنگ هەیە لە لاپەڕەی پێشەکی فەرهەنگەکەی ئاماژە بەو سەرچاوانە دەکات، کە لە دانانی فەرهەنگەکەیدا سوودی لێبینیبوە، هەشە لە کۆتایی فەرهەنگەکە ئاماژە بەو سەرچاوانە دەکات- واتە لە لاپەڕەی سەرچاوە ناوی ئەو سەرچاوانە دێنێ کە لە دانانی فەرهەگەکەی سوودی لێ وەرگرتوون.

2-3-9: پاشکۆکان:

دانانی پاشــــکۆ لە کۆتایی هەر فەرهەنگێکدا، بە کارێکی بەســــوود و گرنگ و پڕبایەخ دادەنرێت، لەبەرئەوەی دەبێتە تەواوکەری ئەو زانیارییانەی لەناو فەرهەنگەکەدا دیاریکراوە، هەروەها دەبێتە ســـــەرچاوەیەکی یارمەتیدەدەر بۆ پێشــــکەشــــکردنی چەندین زانیاری جۆراوجۆر. لە زۆربەی هەرزۆری فەرهەنگەکان، یان بڵێین لە فەرهەنگە نوێیەکاندا و لە کۆتایی فەرهەنگەکەدا، چەند پاشــــکۆیەك دادەنرێت، کە پەیوەندبێت بە فەرهەنگەکە و ئەو بابەتانەی کە لەخۆیدەگرێت، ئەویش خۆی لە خۆیدا ســــوودێکی زۆر و زانیارییەکی تری بێجگە لە زانیارییەکانی ناو فەرهەنگەکە بە خوێنەر دەگەیێنێت، کە هەندێ جار ئەو زانیارییانە ســــوودی گەر زیاتر نەبێت، ئەوا کەمتریش نابێت لەهەندێ لەو زانیارییانەی کە لەناو فەرهەنگەکەدا هەیە.**(شهاب طيب طاهر:2019: 548).**

گرنگە لە کۆتایی هەر فەرهەنگێکدا، بە تایبەتی فەرهەنگی قوتابخانەیی پاشکۆیەك دانرابێت ئاماژە بە (زاراوە و زانیاری گشتی و ناوی دەزگاکانی میری و کەسایەتییەکان و ناوی باڵندەکان و هەندێ زانیاری لە بارەی ڕێزمانی زمانەکە و ...هتد) لەخۆبگرێت.

لە فەرهەنگی **(قوتابخانە/2016)** کە لەم توێژینەوەیەدا ناوی هاتووە و لە هەندێ لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، کە بۆ قوتابیان دانراون، بۆ نموونە فەرهەنگی (**هەراشان/ 2007**) و (**هەرزە/ 2012**) و (**تریفە/ 2008**) و (**قوتابی/ 2001**) هیچ پاشــــکۆیەك بە دیناکرێت و دانــەنراوە ، کەچی فەرهەنگی **(قوتــابی/ 1985)** لە کۆتــایی فەرهەنگەکەیــدا لە پــاش لاپەڕە (188)ەوە دوو پاشــــکۆی داناوە، یەکێکیان بۆ زاراوە زانســــتییەکان، کە (31) لاپەڕەیە و ئەوی تریان بۆ وێنە ڕوونکەرەوەکانە، کە (52) لاپەڕەی لەخۆگرتووە.

## ئەنجامەکان:

١- فەرهەنگی (قوتابخانە) ســەرەوشــەکانی بە وشــەی هاوواتا و بەرانبەرەکەی بە وشــەی کردوو ڕوونکردۆتەوە و ئەمەش وایکردووە، کە ســــەرەوشــــەکان بە ئاســــانی واتا و مەبەســــتەکانیان ڕوونتربێتەوە.

2- فەرهەنگی (قوتابخانە) لە دانانی وێنەکان بۆ واتای سەرەوشەی مەبەستدار، زۆر بە زانستییانە نەیانتوانیوە وێنەکان دابنێن.

3- فەرهەنگی (قوتابخانە) لە ڕووی دەنگســازیی و وشــەســازی و ڕســتەســازیی و واتاســازییەوە زانیاریی تەواوی نەبەخشــــیوە و لە ڕووی رســــتەســــازییەوە تا ڕادەیەك زانیارییەکی کەمی پێشکەشکردووە و لە ڕووی واتاسازییەوە هەندێ زانیاری پیشکەشکردووە، بەڵام لەو ئاستەدا نییە.

4- لە ڕووی زانیاری گشــــتگیرییەوە تاڕادەیەکی باش زانیاری گشــــتگیر لەگەڵ ڕوونکردنەوەی سەرەوشەکان ڕوونکراوەتەوە و دیاریکراوە.

5- فەرهەنگی قوتــابخــانەیی دەبێ کۆمەڵێك لەو ئەرك و ئــامــانجــانە پێشــــکەش بکــات، کە نرخ و گرنگیی وەك ئامرازێکی پەروەردەیی و فێرکاری زیادبکات.

## - سەرچاوەکان

### - بە زمانی کوردی:


1- ئەورەحمانی حاجی مارف(1975)، وشــەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

2- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(1987)، **لەبواری فەرهەنگنووسی کوردیدا**، بەغدا.

3- حسێن یاره احمد و عوسمان علی محمود و سالم محمد علی و یوسف شمعون داود(2008)، فەرهەنگی تریفه (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (العربیة)، لبنان – بیروت.
4- شـــهاب طیب طاهر(2019)، بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووســـی کوردی – (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژماره(1)، بەرگی (6)، ڕانیه - سلێمانی.
5- د.شـهاب شـێخ تەیب تاهیر(2020)، **چەند بابەتێکی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
6- شەهاب شێخ تەیب(2021)، فەرهەنگسازی، چاپخانەی (هێڤی)، هەولێر.
7- شـــکۆفه حســـێن محمدصـــاڵح(2021)، **هەڵســـەنگاندنێکی زمانەوانی فەرهەنگنووســـی کوردی(فـەرهـەنگـەکـەی زەبیحی بـە نموونـە)**، نـامـەی مـاســـتـەر، زانکۆی ڕاپـەڕین، کۆلێژی پەروەردە/قەڵادزێ، قەڵادزێ – سلێمانی.
8- عبدالرحمن محمد امین زەبیحی، **قامووسی زمانی کوردی، بەرگی (ئـــــ )**، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1977.
9- علی حمد عوسـمان(٢٠٢١)، ئاسـتەکانی زمان له فەرهەنگی کوردیدا(فەرهەنگی یەك زمانیی زاری کرمانجیی ناوەراست وەك نموونه)، کاروان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ شوێنی چاپ.
10- کۆمەڵێك مامۆسـتا(2007)، فەرهەنگی هەراشـان(کوردی – کوردی)، چاپخانەی (دەزگای ئاراس) – هەولێر.
11- گیو موکریانی(1950)، فەرهەنگی (ڕابەر) عەرەبی – کوردی، چاپخانەی کوردســــتان، هەولێر.
12- گیو موکریانی(1961)، فەرهەگی (مهاباد) کوردی – عەرەبی، چاپخانەی کوردســــتان، هەولێر، 2572ی کوردیی.
13- لیژنەکـانی وەزارەتی پەروەردە(1985)، فەرهەنگی قوتـابی(ئینگلیزی – کوردی)، چـاپی یەکەم، چاپخانەی (دار افاق عربیه)، بەغدا.
14- لیژنەیەك له وەزارەتی پەروەردە(2001)، فەرهەنگی قوتـابی(کوردی – عەرەبی)، چـاپی یەکەم، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا.
15- محەمەد مەعروف فەتـاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمـانەوانییەکـان، چـاپی یەکەم، چـاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
16- محمـد جعفر مجیـد(2016)، فـەرهـەنگی قوتـابخـانـە پێـداچوونـەوە: زێوەر ئـەنوەر، لـە بڵاوکراوەکانی کتێخانەی (حاجی قادری کۆیی)، هەولێر.
17- میدیا مراد(2021)، فەرهەنگنووسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
18- د.هـەڵمـەت بـایز و دانـەر عـەبدوڵا و ســـامـان لـەتیف(2020)، وشـــەنـامـەی وێنـەداری هەنگاو(ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)، هەنگاوی یەکەم، له بڵاوکراوەکانی سـەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران ، سۆران – هەولێر.
- بە زمانی عەرەبی:
**1**- أ. جموعي تارش و أ.د. لبوخ بوجملين(2015)، المعجم التعليمي، مفهومه، خطوات صـناعته، المعلومات المقدمة فيه، مجلة (الاثر)، مجلة جامعة قاصدي مرباح- ورقلة، الجزائر.
٢- ابن حويلي الاخضـــري ميدني(٢٠١٠)، المعجمية العربية في ضـــوء مناهج البحث اللســـاني والنظريات التربوية الحديثة، دار هومة للنشر، الجزائر.

3-احمد شفيق الخطيب(1986)، من قضايا المعجمية العربية المعاصرة، مجلة (المجمعية العربية التونسية، وقائع ندوة مائوية احمد فارس الشدياق و بطرس البستاني و زيد خارت دوزي، الطبعة الاولي، تونس.

4 -احمد مختار عمر (1998)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، دار عالم الكتب، القاهرة – مصر.

5-احمد مختار عمر (2003)، البحث اللغوي عند العرب مع دراسة لقضية التاثير والتاثر، الطبعة الثامنة، دار (عالم الكتب)، القاهرة.

6- احمد محمد المعتوق(2008)، المعاجم اللغوية العربية(وظائفها، مستوياتها، اثرها في تنمية لغة الناشئة، دراسة وصفية تحليلية نقدية، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان.

٧- احمد محمد المعتوق(1996)، الحصيلة اللغوية اهميتها. مصادرها. وسائل تنميتها، سلسلة(عالم المعرفة)، العدد(212)، الكويت.

8- جورج عيسي(2005)، في نقد المعجمي المدرسي، مجلة (التراث العربي) – اتحاد كتاب العرب، العدد(97)، السنة الرابعة والعشرو. دمشق.

9- جموعي تارش(2013)، المعاجم الموجهة للطلاب في ضوء المعجمية الحديثة(معجم الطلاب ليوسف شكري فرحات-عينة-)، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، كلية الاداب واللغات، الجزائر.

10- جوزيف الياس(2000)، المجاني المصور، الطبعة الاولي، دار المجاني، بيروت – لبنان.

11- سليمة بن مدور(2006)، المعجم المدرسي بين التاليف والاستعمال، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة الجزائر، الجزائر.

12- سەنگەر علي مامه، صناعة المعجم بين اللغتين العربية والكردية – دراسة تقابلية في المعجمات احادية اللغة، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية التربية- ابن رشد- بغداد، 2013.

13- عبدالغنى ابو العزم(1996)، المعجم العربى منهجيته واسسه وتوجهاته، الطبعة الاولى، دار وليلي للطباعة والنشر، الجزائر.

14- د.عبدالقادر ابوشيبة(2014)، محاضرات في علم المفردات، جامعة ابي بكر بلقايد، تلمسان – الجزائر.

15- عبدالعزيز قريش(2006)، القاموس اللغوي والمعجمان المدرسي واللسني للمتعلم: الاشكالات الابستمية والتطبيقية، الصحيفة: شعبية مستقلة شاملة، (WWW:alsaheefa.net)

16- د.عصام الدين ابوزلال، اطلالة على المعاجم والدلالة، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية – مصر، 2016.

17- د.علي القاسمي(1999)، الخصائص المميزة الرئيسية للمعجمية العربية، اللسان العربي، العدد(47)، مكتب تنسيق التعريب، الرباط.

18- د.علي القاسمي(2003)، المعجمية العربية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت – لبنان .

19- محمد احمد ابوالفرج(1966)، المعاجم اللغوية في ضوء دراسات علم اللغة الحديث، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت – لبنان.

20- محمد احمد ابوالفرج(2009)، المعاجم اللغوية في ضودراسات علم اللغة الحديث، الطبعة الاولي، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.

21- نجيب احمد(1991)، ادب الاطفال علم وفن، دار الفكر العربي، دمشق .

- به زمانى فارسي:

**1-** ازیتا عباسی(1392)، فرهنگ نویسی و توانش کاربردشناختی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره 7.

**- سەرچاوەی ئەنتەرنێت:**

1- www.vitaminedz.org

## Reference:

1. A committee from the Ministry of Education (2001), the Kurdish-Arabic dictionary, the first edition, the Al-Wefaq Printing House, Baghdad.
2. Abdelkader Abou Chiba (2014), lectures in vocabulary, University of Abou Bakr Belkaid, Tlemcen – Algeria.
3. Abdul Aziz Quraish (2006), Linguistic Dictionary and School and Linguistic Dictionary for the Learner: Epistemological and Applied Problems, Al-Sahifa: Popular Independent Comprehensive, (WWW:alsaheefa.net)
4. Abdul Ghani Abu Al-Azm (1996), The Arabic Dictionary: Its Methodology, Foundations and Orientations, First Edition, Dar Volubilis for Printing and Publishing, Algeria.
5. Abdul Rahman Mohammad Amin Zabihi, **Kurdish Language Dictionary, Cover (A),** Kurdish Information Forum Printing House, Baghdad, 1977.
6. Ahmed Mohammed Al-Matouk (2008), Arabic linguistic dictionaries (functions, levels, impact on the development of the emerging language, a descriptive and analytical critical study, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, first edition, Beirut-Lebanon.
7. Ahmed Mohammed AlMa'touq (1996), The linguistic outcome is important. Its sources. Means of Development, Series (The World of Knowledge), Issue (212), Kuwait.
8. Ahmed Mokhtar Omar (1998), Modern Dictionary Industry, First Edition, Dar Alam Al-Kutub, Cairo - Egypt.
9. Ahmed Mukhtar Omar (2003), Linguistic Research among Arabs with a Study of the Issue of Influence and Influence, Eighth Edition, Dar (World of Books), Cairo.
10. Ahmed Shafiq Al-Khatib (1986), from the issues of contemporary Arabic lexicography, magazine (Tunisian Arab Association, proceedings of a centenary symposium Ahmed Fares Chidiac, Boutros Boustani and Zaid Khart Dozi, first edition, Tunisia.
11. Ahramani Haji Marf (1975), kurdish language word, Kurdish information forum printing house- Baghdad.
12. Ali Al Qasimi (1999), The main distinctive characteristics of the Arabic lexicography, Arabic tongue, issue (47), Arabization Coordination Office, Rabat.
13. Ali Al Qasimi (2003), Arabic lexicography between theory and practice, first edition, Librairie du Liban Publishers, Beirut - Lebanon.
14. Ali Hamad Osman (2021), the level of language in the Kurdish dictionary (the one-language dictionary of the Middle German language, for example), is a caraving for printing and publishing, without printing places.
15. Awrahman Haji Marf (1987), **in the field of Kurdish dictionary**, Baghdad.
16. Committees of the Ministry of Education (1985), Student Dictionary (English-Kurdish), First Edition, Dar-e-Afq Arabic Printing House, Baghdad.

17. Essam El-Din Abuzal, A View of Dictionaries and Semantics, First Edition, Dar Al-Wafa for the World of Printing and Publishing, Alexandria - Egypt, 2016.
18. George Issa (2005), in the criticism of the school lexicography, magazine (Arab Heritage) - Arab Writers Union, issue (97), twenty-fourth year,. Damascus.
19. Gio Mukryani (1961), Farahi (Mahabad) Kurds - Arabs, Kurdistan Printing House, Erbil, 2572 Kurds.
20. Gyu Mukryani (1950), Arabic-Kurdish dictionary, Kurdistan Printing House, Erbil.
21. Halmat Bayez, Dangar Abdullah and Saman Latif (2020), the word "English-Arabic- Kurdish", the first step, in the publications of the Handren Center for Language and Research of The Culture/University of Soran, Soran- Erbil.
22. Hussein Yara Ahmad, Osman Ali Mahmoud, Salem Muhammad Ali and Yusuf Simeon Daoud (2008), Trifa Dictionary (Kurdish- Arabic- English), 1st Edition, Arabic Printing House, Lebanon- Beirut.
23. Ibn Huwail _ Y BrotherDari Maiden (2010), The Arabic Dictionary in the Light of Methods of Researchand Theories of Frontier Education, Dar HomePublishing, Algeria.
24. Izita Abbasi (2013), Journal of Pragmatics and His Utmosta, Research center for Humanities and Cultural Studies, No. 7.
25. Jamoui Tarch (2013), Dictionaries directed to students in the light of modern lexicography (Student Dictionary by Youssef Chokri Farhat-Aina-), Master's Thesis, Kasdi Merbah University - Ouargla, Faculty of Arts and Languages, Algeria.
26. Jamoui Tarch and Prof. Dr. Lebouch Boujmelin (2015), Educational Dictionary, its concept, steps of its manufacture, information provided in it, Journal (Al-Athar), Journal of the University of Kasdi Merbah - Ouargla, Algeria.
27. Joseph Elias (2000), Free Photographer, First Edition, Dar Al-Majloun, Beirut - Lebanon.
28. Komalak Teacher (2007), Harashan Dictionary (Kurdish-Kurdish), Aras Printing House - Erbil.
29. Media Murad (2021), Dictionary, Narin Printing and Publishing Agency, Erbil.
30. Mohammad Ja'far Majid (2016), The Dictionary of the School of Review: Zewar Anwar, published by Haji Qadir Koei, Erbil.
31. Mohammed Ahmed Abu Al-Faraj (2009), Linguistic dictionaries in the light of modern linguistics studies, first edition, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut - Lebanon.
32. Muhammad Ahmed Abu Al-Faraj (1966), Linguistic dictionaries in the light of modern linguistics studies, first edition, Dar Al-Nahda Al-Arabiya for Printing and Publishing, Beirut - Lebanon.
33. Muhammad Maruf Fatah (2010), Linguistic Research, First Edition, Eastern Printing House, Erbil.
34. Najib Ahmed (1991), Children's Literature, Science and Art, Dar Al-Fikr Al-Arabi, Damascus.
35. Sa Nege R Ali Mama, Lexicon Industry between Arabic and Kurdish Languages - A Contrastive Study in Monolingual Dictionaries, PhD Thesis, University of Baghdad, College of Education - Ibn Rushd - Baghdad, 2013.

36. Salima Ben Medawar (2006), School Dictionary between Synthesis and Use, Master's Thesis, Faculty of Arts and Languages, University of Algiers, Algeria.
37. Shahab Sheikh Tayib (2021), Dictionary, Hevi Printing House, Erbil.
38. Shahab Sheikh Tayyab Tahir (2020), **some zamanehwani subjects**, first edition, narin printing and publishing department, Erbil.
39. Shahab Tayyip Tahir (2019), The New Kurdish Dictionary - (Kurdistan Dictionary) and (Kurdish Language Dictionary), for example, Zankoi Raparin magazine, No. 1, Volume (6), Rania - Sulaimaniyah.
40. Shakoofa Hussein Muhammad Salih (2021), **a linguistic assessment of Kurdish dictionary (e.g. Zabihi's dictionary),** Master's letter, Raparin University, Qaladze College, Qaladze- Sulaimaniyah.

---

[i] لە بارەی پێناسەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی، هەروەها بڕوانە:
- جموعی تارش و أ.د. لبوخ بوجملین: 2015: 158.
- عبدالعزیز قریش، القاموس اللغوي والمعجمان المدرسـي واللسـني للمتعلم: الاشـكالات الابسـتمية والتطبيقية، الصـحيفة: شـعبية مسـتقلة شاملة، 2006. (WWW:alsaheefa.net)

[ii] لەو بارەیەوە بڕوانە:
1- (جوزيف الياس: 2000: ص ب ) و (نجيب احمد:: 1991: 31).

[ii]- لەو بارەیەوە بڕوانە:
- گیو موکریانی، فەرهەنگی (مهاباد)، هەولێر، 1961.
- گیو موکریانی ، فەرهەنگی (ڕابەر)، هەولێر، 1950.

[iii] لەو بارەیەوە بڕوانە: - ابن حويلي الاخضر ميدني: المعجمية العربية في ضوء مناهج البحث اللساني، 2010، ص171.
- احمد مختار عمر: صناعة المعجم الحديث، 1998، ص131/126.

[iv] لەو بارەیەوە بڕوانە:
- لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە(1985)، فەرهەنگی قوتابی(ئینگلیزی – کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار افاق عربيه)، بەغدا.
- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگی قوتابی(کوردی – عەرەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا، 2001.
- حسێن یارە احمد و عوسمان علی محمود و سالم محمد علی و یوسف شمعون داود، فەرهەنگی تریفە (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (العربیه)، لبنان – بیروت، 2008.
- فەرهەنگی (هەراشان) ، هەولێر، 2007.

[v] بڕوانە:
- عبدالرحمن محمد امین زەبیحی: قامووسی زمانی کوردی بەرگی یەکەم (ئـ)، بەغدا، 1977، ل1- 110.
- شکۆفە حسین محمدسالح، هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانیی فەرهەنگنووسیی کوردی / فەرهەنگەکەی زەبیحی بە نموونە، چاخانەی (نارین)، هەولێر، 2021، 69-70.

[v] - بۆ ئەو خاڵە سوود لەم سەرچاوانە، بینراوە:
- احمد مختار عمر: 1998: 105
- د.علی القاسمی:1991 :168).